# بنەماکانی هەڵس و کەوتی ئەفسەر
# لە یەکە و دەرەوەی یەکە

وەرگێڕانی

ملازمی دوو

هێمن قادر حسین

# تایبەتمەندییەکانی ئەفسەر

کاتێك باسی تایبەتمەندییەکانی ئەفسەر دەکەین، پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگرین کە تایبەتمەندی تەنها پارێزگاری کردنو پاکیو دڵسۆزی نییە، بەڵکو ئەمانە کۆڵەکەی سەرەکی و، بەردی بناغەی هەر تاکێکن کە هەڵدەستێت بەو کارانە. چونکە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی هەر یەکێك لەوانە، وادەکات ئەو تاکە دەستی ببەسترێتو نەتوانێت بە تەواوی کارەکانی خۆی ڕابپەڕێنێت و، توانای جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی نامێنێت.

ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئاسایشیەکان و، پارێزگاری کردن پێویستی بە ڕاپەڕێنەر هەیە کە جێ بەجێی بکات، تا ڕادەیەکی زۆر پێویستی بە خۆشەویستی ئەو تاکە بۆ کارەکەیو دڵسۆزیو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو حەز کردن لە کارەکە وادەکات کە بە جوانترین شێوەو بە گونجاوترین ڕێگە ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، گرنگترین ئەم تایبەت مەندیانەش پێویستە ئەفسەر تیایا بەرجەستە بێت، بە چەند خاڵێك تیشك دەخەنە سەری:

## یەکەم/ خۆشەویستی (الولاء):

پێویستە ئەفسەر بەتەواوەتی خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەبێتو تێکەڵ بەو کارە بووبێت، لە پێناو پەرژەوەندی گشتیدا

خۆی وەك تاكێكی ناو خێزانەكەی خۆی، مامەڵە لەگەڵ دەروبەریدا بكات و خۆشەویستی بۆ هاوڵاتی و، نیشمان و، نەتەوەكەی هەبێت، پێویستە زۆر بە تامەزرۆییەوە پارێزگاری بكات لە ماف و ئەركە گشتییەكان و، سەروماڵی هاوڵاتیان، بۆیە پێویستە بەو پەڕی ئەمانەتپارێزی و، لە خۆ بوردییەوە بەرامبەر هەموو گرفتەكان بوەستێتەوە، هەستان بە دڵسۆزی لە كارە لە پێشینەییەكەی ئەفسەربێت.

## دووەم/ گوێڕایەڵی (الطاعة):

گوێڕایەڵی... بە گونجاوی دەزانین بە چەند خاڵێكی كورت ئاژە بەم خاڵە بدەین، لەوانە:

أ- پێویستە ئەفسەر هەموو ئەو زانیاری و، ئاگاداریانەی لەسەرو خۆیەوە دەردەچێت جێ بەجێ بكات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەیڕەو و پرۆگرامە بنەڕەتییەكانی ئاسایشی جێبەجێ بكات، بە بێ خۆ لێ دزینەوەو دەستكاری كردنی ئەو بنەمایانە.

ب- پەیوەست بوون و، جێ بەجێ كردنی هەموو زانیارییەكان فەرماندە.

ج- گوێڕایەڵی فەرمانەكان واتای ئەوەیە ئەفسەر تایبەت مەندییە بنچینەییەكانی دەوڵەتی جێ بەجێ كردوە.

## سێیەم/ توانای تایبەتی کەسی:

توانای کەسێتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، دەکەوێتە سەر توانای جەستەیی و، کەسێتی و، دەروونی هەر تاکێك لە ناخی خۆیدا، ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانەش:

أ- ئەو ئەفسەرانەی کە توانای کەسێتیان زۆر بە هێزە هەر فەرمانێکیان پێ بکرێت، بە باشترینو ئاسانترین شێوە ئەو فەرمانە ڕادەپەڕێنن، ئەمەش مانای ڕێزگرتنی تەواوی ئەو ئەفسەرەیە لە فەرمانەکان.

ب- هێزی کەسێتی ئەفسەر، واتای ڕێزو بە بەها گرتنی فەرمانەکانە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی توانای متمانە بوون بە خود، ئەوەش وادەکات کەسەکە زیاتر گرنگی بدات بە کارەکەیو سەرکەوتو بێت تیایدا.

## دەتوانین دەرخستنی توانای کەسێتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

١- پارێزگاری کردن لە دیسپلینی سەربازیو، پاراستنی جلو بەرگو پێدایستیە سەربازییەکان، وەك ئەوەی لە دیسپیلەنەکانی کەسی ئەفسەردا هاتووەت لە گرنگی دان بە ڕێك پۆشی سەربازی لە ڕوکەشدا.

٢- مەشقو ڕاهێنان کردنی باشو گونجاو پێش پەیوەندی کردن بە ناو هێزە چەکدارەکانەوە.

٣- جێ بە جێ کردنی هەموو زانیارو ڕێنوماییەکان بۆ ئەفسەر.

٤- جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکو فەرمانانەی کە تایبەتن بەخودی ئەفسەرو ئەو بەردەستانەی کە هەیەو، ڕەچاو کردنی داواکارییەکانی کەسانی تر.

٥- گرنگی دانو ڕەچاو کردنی کاتو بە لەبەرچاو گرتنی بە فێرۆنەدانیو جێ بە جێ کردنی هەموو فەرمانێك لە کاتی خۆیدا.

## چوارەم/ وردی لە تێبینی کردندا:

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەفسەر ئەوەیە، لە یەکەم بینینەوە بتوانێت کەسی بەرامبەر هەڵبسەنگێنێت و، بیانناسێت، بە تێبینی کردن لەسەر کەسێتیو شێوازی قسەکردنو مامەڵە کردنو جلو بەرگو..هتد، کە زۆربەیان دەتوانرێت کەسی پێ بناسێنرێت.

وە پێویستیشە زۆر بەخێرایی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەدا، لەگەڵ چواردەوری خۆیدا، وە بە وردی چاودێری ئەم گۆڕانکاریانە بکات، لە کاتی پێویستدا هەڵوێستی خۆی هەبێت.

## پێنجەم/ نهێنی پاراستن:

أ- یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەر تاکێك لەناو هەر دام و دەزگایەکدا پارێزگاری کردنە لە نهێنیی، بەتایبەت لە ناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا، وە بەتایبەتی تر ئەفسەر، بۆیە پێویستە لەسەر شانی ئەفسەر خۆی زۆر ڕابهێنێت لە نهێنی پارێزی.

ب- پێویستە ئەفسەر نهێنی پارێزبێت لەسەر کارەکانیو ئەو کەسانەی کە کاری بۆ دەکەن لە دەرەوەی هێزەکانی ئاسایش، وە بەتایبەت لە لیستی هێزەکانو، ئامادەبوون، وە نابێت بە هیچ شێوەیەك هیچ کەسی تر ئەو لیستانە ببینێتو لای کەسانی تر ئەو زانیاریانە بدرکێنێت.

ج- نهێنی ئەو کەسانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکەن، تەنانەت نابێت ناوی ئەو کەسانە بهێنێتو دەبێت بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

د- پێویستە خۆی بە چاودێر نیشان بدات لە هەموو ئەو زانیاریانەی بەردەستی دەکەوێت، هۆی ببێت بە چاودێر بەسەر خۆیەوە لەکاتی کارەکانیدا.

## شەشەم/ هاوکاری:

أ- ئامادەیی هاوکاریکردنو دەستەبار کردن لە کارەکاندا هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنە.

ب- بەگیانی برایەتیو خێزانەوە پێویستە هاوکاری تەواو هەبێت لەنێو تاکەکانی هێزە چەکدارەکاندا.

ج- پێویستە لەسەر ئەفسەر بە گیانێکی لێبوردەییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات و، هاوکاریان بێت، بۆ ئەوەی بە باشی کارەکانی لە پارێزگاری کردن لە دانیشتوان بەرێتەسەر.

د- هاوکاری کردنی کەسانی تر هەستی سەرکەوتن‌و گیانی هێنانەدی ئامانجەکان زیاتر دەکات لەناو هێزە چەکدارەکانداو یەکێکیشە لەو کارنەی پێویستە هەبێت.

## حەوتەم/ متمانە:

أ- پێویستە ئەفسەر بەوپەڕی وردییەوە چاودێری ڕوداوە ناوخۆیی و، دەرەکیەکان بکات، هەست بکات چی ڕوودەدات لە چواردەوری لە وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەکە.

ب- ئەگەر ئەفسەر بەتەواوی متمانەی بە تواناکانی هەبێت، ئەوکات بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە دەکات لەگەڵ ڕوداوەکاندا.

ج- پێویستە ئەفسەر بەردەوام بخوێنێتەوە، ئاستی ڕۆشنبیری خۆی زیاتر بەهێز بکات‌و بەردەوام چاودێری گۆڕانکاری‌و گەشە سەندنە سەربازی بکات، بەتایبەت لەو بورایەی کاری تێدادەکات.

## هەشتەم/ ئازایەتی:

أ- ترس تایبەتمەندییەکی ویستەمەنییە لە مرۆڤدا، بەڵام ئازایەتی دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات و، کپی بکاتەوە.

ب- ئازایەتی تایبەتمەندیی سەرەکییە لە ئەفسەردا، بۆیە پێویستە بە بوێری تەواوە کاربکاتو، هەنگاوەکانی بە وریاییو هەستیارییەوە بنێت.

ج- پێویستە ئەفسەر هەستێکی وەهای هەبێت، جیاوازی بکات لە نێوان: ئازایەتی و، هەڵەشەیی و، سەرکێشیدا، هەرچەند جیاوازی لەنێوانیاندا زۆر کەمەو لەیەك دەچن، بەڵام دەبێت هەستێت بە جیاکردنەوەیانو مەترسی هەریەکێکیان.

د- پێویستە کاتێك ئەفسەر هەڵدەستێت بە کارێکی دلێرانە بەپێی ئەو بڕەی داواکارە خۆگربێتو بیر لە دەرئەنجامەکانی بکاتەوە، هەر شوێنێك بە پێی گونجاوی خۆی پێویستی بە بیرلێکردنەوەیە.

هـ- ئازایەتی لەڕوی پارێزگاری کردن لە ڕەوشتەباڵاکانەوە، بە چەند پلەیەك لە ئازایەتی دلێریو چاو ترسی گرنگترە بۆ ئەفسەر، بۆیە پێویستە لە وتنو دوانو ڕاستگۆو چاو نەترسبێت، با ئەنجامەکەی هەر شتێك بێت، چونکە پارێزگاری کردنو پاراستنی ئاسایشی نەتەوە لە وتنی ڕاستیەکانەو پیادەکردنیەتی.

## نۆیەم/ چەند ڕەوشتێکی تر:

١- ویستە مەنییەکان: پێویستە ئەفسەر زۆر بە هێزو تواناوە پارێزگاری بکات، لە ویستە مەنییەکانی، کە لە هەموو مرۆڤێکدا وەك سروشتی خۆی بونی هەیە.

٢- هێزی بەگژاچونەوە: ئەمە هێزێکی سەرەکیی پیاوی ئاسایش پارێزە، پێویستە بە پێی هەلۆەستە جیا جیاکان گرنگی بدات بەم ئەرکە گرنگە، لەگەڵ ئەوەی کە بەخێرایی وەڵامی بۆ ڕووداوەکان هەبێت.

٣- هێزی بەرهەم هێنان: ئەمە هێزێکە تواناو تایبتە مەندی هەر تاکێك بۆ خۆی نیشان دەدات، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، دەبێت بە شوێن شوێنەوارەکانو بەڵگەکاندا بڕوات بۆ گەیشتن بەئەنجامو سود وەرگتن لە ڕاستییەکان بۆ دۆزینەوەی ئەو کارەی کە دەیەوێت.

٤- گوێڕایەڵێکی باشبێت: پێویستە ئەفسەر گوێڕایەڵێکی باشبێت لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە دەوترێن لە سەر کارەکەی، چونکە ئەمە وای لێدەکات توانای خۆ پڕکردنی زانیاری هەیە لەسەر چواردەوری، هاوکاری دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی.

## پوختەی باسەکە:

ئەوەی لە ڕابردوودا باسمان کرد گرنگترین تایبەتمەندییە باشەکانە پێویستە لە هەموو کەسێکی ئاسایشی پارێزدا هەبێت، بەتایبەت ئەفسەران، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە گرنگانەی لەسەر شانیانە بەسەرکەوتووی جێ بەجێی بکەن، و، ئامانجە باڵاکانەدی بهێنن.

# دەروازەی یەکەم

# بنەماکانی نەریتی سەربازی

## سەرهەڵدانی نەریتی سەربازی:

أ- لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە و، لەو کاتەی خودا ئادەمی ئەفراندووە تا ئەمڕۆ، بەهرەمەندی کردوە لەڕوی: (جەستە، عەقڵ، گیان (روح)ەوە، ئەم سێ چەمکەش هەر یەکە جیاوازە لەوی دیکە تەنانەت هەر نەتەوە و گەلو جیلێك جیاوازە لە جیلو نەتەوە و گەلێکی دیکە لە ڕوی ئاستی زانستی و نەزانی و هەندێك تایبەت مەندی مرۆییانەوە.

مرۆڤ بە شێوەیەکی بۆ ماوەی، هەندێك نەریتی بۆ ماوەتەوە و گۆڕانکاری لە هەندێك نەریتی دیکەدا کردوە و، لە خۆیدا جێ بەجێی کردووە، هەر جیلێك بە پێی پەیبردن بەو نەریتانەی کار لەسەر حەزەکانی مرۆڤەوە کە خودا لە ناخی هەر کەسێکدا چاندویەتی بارگاوی دەبنو کارلێکتیان لەگەڵدا دەکەن، مرۆڤ ڕەنگ دانەوەی ئەو ژینگەیە تیایدا دەژی، بۆیە هەندێك پیرۆزی هەیە لە ناخی هەموو تاکێکدا بە زیندوی دەمێنێتەوە و پێویستە پارێزگاری لەو پیرۆزیانە بکەین، یەکێك لەو پیرۆزیانە دینە کە پایەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەویش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە و لەسەر تاکەکانی گۆمەڵگە شوێن پێی خۆی دیاری دەکات.

ب- دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی سەربازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری کردنی مرۆڤ لەو جەنگانەی لە پێناو پاراستنی گیانو ماڵی، وەك بەرگرییەك لە کۆمەڵگە یان خودی مرۆڤ خۆی، یاخود ئەو نیشتمانەی تیایدا دەژیا، لە ئەنجامدا بەهۆی ئەو ژینگە سەربازیەی تیایدا دەژیا هەندێك نەریتی بۆ گوازراوەتەوە، لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە سروشتە تایبەتمەندییەکانی خۆی هەندێك شتی بە پیرۆز داناوە و کردویەتی بە پێشەنگو نمونەی باڵای خۆی، وەك: ئازایەتی، لێهاتووی، جەربەزیی، پێشکەوتووی، گیانفیدایی و، گەشمردن (شهادە)، خۆ نەویستی و، بەرگری لە بیرو باوەڕ و، پارێزگاری لە شۆڕش و، ڕاپەڕینەکانی، ئەمە وایکردووە هەندێك یاساو ڕێسای نەریتی سەربازی نوێ لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێت، یاخود هەندێك نەریتی سەربازی پێشوو بسڕێتەوە، چونکە ڕەنگە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەیت ئەو یاسایانە ئیدی لەگەڵ سەردەم نەگونجێت.

بۆیە لەسەر هەموو فەرماندەیەکی ئامادەی هەر سوپایەك، پێویستە بە گوێرەی ئەو نەریتە سەربازیانەی بۆیان ماوەتەوە کار بکات، هەموو فەرمانە دەکراوەکانی لە پێناو پارێزگاری کردن بێت لەو نەریتە ناوازانەی بۆیان ماوەتەوە، بیان کات بە ڕێبازو ڕێ پیشاندەری هەموان.

## یاسا بنچینەییەکانی نەریتی سەربازی:

أ- کاتێك ڕێسایەك هەبێت بۆ ئەوەی سوپا پیادەی بکات، لەسەر بنەمای لەپێشینە کار بکرێت، پێویستە سەرجەم یەکەکانی ناو سەربازگە بە پێی ئەو یاسایە هەنگاو هەڵگرن، بۆیە کاری لە پێشینەی سەرجەم ئەندامانی ئەو سەربازگە و یەکەیەیە کە پیادەی بکات، بە گوێرەی لە پێشینە (القدم) لە سەرجەم ڕوەکانی مامەڵە کردن کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

ب- پێویستە هەڵسوکەوتە سەربازییەکان لە ناو یەکەدا لەسەر بنەمای ڕێز گۆڕینەوە لە نێوان سەرجەم پلەکاندا پەیڕەوی بکرێت، کەسی سەرباز ئەم نەریتەی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکەی سەربازیی بە نەریت بۆ ماوەتەوە، چۆن لە ژیانی مەدەنی خۆیان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێز لە کەسێتی دەگیرێت بە هەمان شێوە ئەم ڕێزگرتنە بوەتە نەریتێکی سەربازی، ئێستا سەربازەکان ئەم یاسایە بەجوانترین شێوە پەیڕەوی دەکەن، بەرامبەرەکەشیان ناچار دەکەن ڕێزیان بگرن.

ج- یەکەم شتێك کەسی سەربازی پیٚ دەناسرێت خۆڕاگری و، بەرگیی کردنە، پێویستە بە لێوەشاوەیی و شیرین گوفتاری و، ڕەوشت و ویستی جوامێرانە هەڵسو کەوت بکات، لەسەر ئەم بنەمایە هەر هەڵسو کەوتو ڕەوشتێك پێچەوانەی جوامێری و ڕەوشت بەرزی بە سەرپێچی دەستوری سەربازیی دادەنرێت.

د- یاساو فەرمانە سەربازییەکان بە گرنگترین ڕێسا ڕێکخراوەکانی دەستوری سەربازیی دادەنرێت، هەندێك جاریش ئەو فەرمانانە دەکرێنە پێوەرێك بۆ ڕاستی دەستوری سەربازی. بۆیە نەریتو دەستوری سەربازی پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ فەرمانە سەربازییەکاندا.

ر- فێرکارییە دینییەکان ئەوەی پەیوەندی بە دینەوە هەیە نمونەی باڵا و گرێبەستێکی دێرینیان هەیە لەگەڵ نەریتە سەربازییەکاندا.

## تایبەتمەندییەکانی کەسی سەربازی:

أ- گرج و گۆڵی و، ڕێکی جەستەی و، سەرنج ڕاکێشی.

ب- دڵسۆزی و ڕۆچون لە فەرمانە سەربازییەکانی، لە پێناو نیشتمانو نەتەوەکەی.

ج- وتەی کەسی سەرباز دەڕواتە دڵەوە، دەبێت خاوەنی دڵێکی باش و لێبوردەبێت.

ر- ڕاستگۆیی داد پەروەری و، ڕاشکاوی.

و- ئازایەتی، ئامادەی گیان بەخت کردن.

ز- خۆ نەویستی.

ح- ڕێزگرتن، گرنگی دان بە بەرامبەر لە نێوان ئەفسەران و، سەرجەم پلەکانی سەرەوە و خوارەوەی خۆی.




## دەرئەنجام:

خۆ ڕۆشنبیر کردن، داهێنان، جێ بەجێ کردن، تێگەیشتن لە ژیانی سەربازی و خۆشەویستی بۆ ئەو کارە و بە باڵا سەیرکردنی بۆ ئەوەی سەبارز بگاتە پلەیەکی باڵای مەعنەوی و، ورە بەرزی.

## - ئەتەكێتی سەربازی:

بەگوێرەی پیشەی سەربازی پێویستە کەسی ئەفسەر، ڕۆحی گیان بەختکردن بپۆشێت، لە پێناو خوداو نیشتمانو گەلەکەی، چونکە ئەفسەر لەکاتی ئاشتیدا مامۆستایە، مامۆستاش پێویستە نمونەی باڵای ڕەوشت بەرزی بێت، لە هەمانکاتدا لە کاتی جەنگدا فەرماندەیە، بەهەمانشێوە فەرماندەش دەبێت نمونەی باڵابێت لەڕوی بەرجەستەکردنو ئەتەکێتی ڕۆژانەیدا.

بۆیە پێویستە ئەفسەر پیادەی ڕەوشتە سەربازییە ئەرێنییەکان بکات و، ببێتە نمونەی باڵا و، مامۆستای پێشەنگ و، فەرماندەی بێوێنە لە کاتی ئاشتی و جەنگ دا.

## - پێشەنگی باڵا:

بنەمای پەروەردەی سەربازی بەهێز بەدەست هێنانی ئەو یاساو دیسپلینە سەربازیەیە هەمیشە بەهۆی ڕەوشتی باڵا و نەریتی لە پێشینەی سەربازی ستایش دەکرێت و، دەبێتە نمونەیەکی باڵا لەناو یەکەداو پلەدارە نزمەکانی دوای خۆی وەك: ئەفسەری پۆلو سەربازەکانی ناو یەکە شوێنی دەکەون.

لە هەمو کاتێکدا پێویستە فەرماندە ببێتە نمونەی باڵاو پێشەنگ بۆ ئەو کەسانەی سەپەرشتیان دەکات لە کاتی ئاشتیدا بێت یاخود لەکاتی جەنگدابێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە بگاتە ئاستی قوربانی دان.

ئەفسەری نویٚ یاخود ئەفسەری پۆلو سەرباز زیاد لە باوکی فەرماندەکەی دەبینێت و شوێنی دەکەوێت. هەموو پێشمەرگەیەك یاخود سەربازێکی نویٚ فێرکاریو زانیارییەکان لە ئەفسەر یاخود فەرماندە و، مامۆستاکەی وەردەگرێت و، کارلێکی لێدەکەن، بۆیە پێویستە هەمیشە ئەو کەسەیی دەبێتە مامۆستا یاخود فەرماندە فصیل، لەناو مەشق و، ڕاهێناندا، ئەم خەسڵەتو تایبەت مەندیانەی تیابێتە دی بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگێکی باڵا لە ژیانی ئەو سەربازەدا.

## - خۆ نەویستی:

هەرکات مرۆڤ ئەتەکێتی خۆ ویستی تیابێت، بەبیٚ ئەوەی خۆی هەست بکات، ئەو خەسڵەتە بەسەر سەرجەم هەڵس‌و کەوتو جوڵەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەم ڕەوشتە هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی بیخاتە ناو زۆر کاری بێزراوی وەك: درۆ و، ئارەزوی خۆ دەرخستن و، زۆر خۆ پارێزیی و، خۆویستی و، هەلپەرستی، ئەمەش وادەکات مرۆڤ توشی ڕژدی لە گیان بەخت کردن بکات و، وای لێدەکات تەنانەت بچوکترین و، ساناترین قوربانی نەدات لە پێناو نیشتمانەکەی و، ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی، ئەم ڕەوشتەش لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە خۆشەویستی نیشتمانو قوربانیدان لە پێناوی کاتێك دەست پێدەکاتو بەهێز دەبێت مرۆڤ بگاتە ئاستی خۆ نەویستی.

هەندێك مرۆڤ هەیە بە کەمتر (١٠٪) توانایان لە پێناو خۆ نەویستیو خۆشەویستی نیشتمانەکەیان بەخت ناکەن، کەچی دەبینیی ماوەی

توناکەیان کە (٪۹۰) لە پێناو بانگەشە کردن بۆ خۆیو توناناو لێوەشاوەییەکانی و کارەکانی بەفیڕۆ دەدەن –ئەم خەڵکانە نەنگیو بارگرانین لەسە رکۆمەڵگە– ئەم کۆمەڵەیە هیچ کارێك ناکەت تەنا پشتیان بە بانگەش و ستایش کردنی خۆیان و توانا لە ڕادە بەدەرەیەکان دەبەستن، لە مێژە وتویانە: "ئەوەی متمانەی بە خۆی هەبێت پێویستی بە ستایشی خەڵك نییە، هەر کەسێکیش ئارەزوی ستایش کردنی خەڵك بێت ئەوە متمانەی بە توناناو بەهای خۆی نییە".

هەرکاتێك مرۆڤێك توانی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەکەی فریو بدات، ئەوە هەرگیز ناتوانێت خۆی فریو بدات، هەرکاتێك متمانە بەخۆ بوونی لە دەست دا ئەستەمە هەست بە بەهێز بونی خۆی بکات. ئەگەر مرۆڤ چاری نەبوو ئەم ڕەوشتانە تیایدا گەشەی کرد و، گەورە بوو، ئەوە پێویستە کەسی سەربازی ئەم ڕەوشتانەی تیا نەبێت بەتایبەت ئەفسەر، چونکە فەرماندەبون شکۆ و گیان بەخت کردن و قوربانیدانە، ئەو ئەفسەرەی ئەتەکێتی خۆ ویستیو خود پەرستی هەیە شیاو نییە بەشداری شەڕ بکات. ئەو کەسەی بۆ جەنگو بەرەنگاربونەوە شیاوە، ئەوانەن کە ئامادەبن قوربانی بدەن لە پێناو وڵاتدا.

## باشترین ئەفسەر:

گوێڕایەڵ، ئارامگر، کۆڵنەدەر، زرنگ و، چالاك، و زۆر پەرۆشی بەردەستەکانیەتی، پێشمەرگەیەکی تا بەتەواوی لە سەر پێچییەکە نەکات سزای نادات، گوفتارو زمان شیرین و جوان، دەم بە خەندەو پێکەنین، زۆر نادوێت، بەڵکو زۆر تێڕادەمێنێت و، پاشان کار دەکات، زۆر هۆگری یەکەکەیەتی، ڕێك پۆشی و، دیسپلینی سەربازی زۆر گونجاوە، پارێزگاری لە کات دەکات، زۆر بەدڵکار فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکات، بەبێ بێزاری و، بارگرانی فەرمانەکان جێ بەجێ دەکات، خۆ بە دوور دەگرێت لە کارکردن لە ژێر چاودێریدا. ڕێزی خۆی بگرێتو خۆی کەم بەها نەکات، خاکی و سادەبێت، گرنگی بەڕاستییەکان دەکات و زۆر بڕوای بە دەنگۆو وتی وتیی نییە، هەرگیز وشەی ( گەورەم، سیدی) نەبێت لە گەڵ سەروی خۆ نەبێت نادوێت، زۆر بەخشندەیە، هەر پۆستێکی پێ بدەن شانازی پێوەدەکات، بەهەموو توانای بەرگری لە ژێر دەستەکانی دەکات –ئەگەر تاوانبار نەبن– سنوری دەسەڵاتو بەر پرسیارێتی خۆی نابەزێنێت– تەنانەت بە زمان و، گوفتاریش– هەمیشە ڕاستییەکان دەڵێت ئەگەر دژی خۆشی بێت، دان بەهەڵەکانیدا دەنێت.

# دەروازەی دووەم

# ئەتەکێتی ئەفسەر لەناو یەکەدا

## بەشی یەکەم:

پەیوەندی ئەفسەر لەگەڵ ئەندامانی یەکە.

ئەفسەر و ڕێکخستنی خودی.

پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسەکانی.

هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرباز.

ڕەفتاری لەگەڵ هاوپیشەکانی.

ئاسایشی وڵات.

گیانی هاوکاری و، کاری بەکۆمەڵ.

## - ئەفسەر و ڕێکخستنی خودی:

پێویستە کۆنترۆڵکردنو ڕێکخستنی خودی لەسەر بنەمای مامەڵەی دروستو ڕێزگرتن لە بەرامبەر دروست بکرێت، نەك بە سزادان و، لێپێچینەوە لە سەرباز بەردەستەکانت، بەتایبەتی ئەگەر هەڵەکە یەکەمجاربێت ئەنجامی دابێت، بەڵکو پێویستە ڕێکخستن لەگەڵ خوددا بەهۆی پاڵنەری ئارەزو و ویستی ئەو کارەبێت، نەك لەسەر بنەمای ترسو تۆقاندن، ڕێز گۆڕینەوە ببێتە هەوێنی کارەکانیان.

## گرنگترین ئەو بنەمایانەی ئەم ئامانجانە بەدی دەهێنن، بریتین لە:

أ- بەشداری کردن لە ڕێکخستن و، ڕێککردنی سەرجەم بەشەکاندا، ئەمەش ئەو بنەمایەیە هێزی سەربازی لەسەری بونیاتنراوە.

ب- ئەفسەر ئەندامێکی کارایە لە ناو هێزە چەکدارەکاندا، پێویستە لە هەموو شوێن و، کاتێکدا سەرجەم یاساو ڕێسا دیسپلینەکان چاکسازی خودی پیادە بکات.

ج- ئازایەتیت وەك ئەفسەر پێویستە دەر ئەنجامەکەی لەسەر تێگەیشتن بۆ بێ کەمو کورتی ناخی دەربکەوێت.

د- متمانە بەخۆت و هاوپیشە و چەكو فەرماندەکەت، دەبێت لە ئەنجامی چاکی و توندو تۆڵی و ڕێخستنی خودیدا بەرهەم بێت.

هـ- بەر پرسیارێتی لە ئەستۆگرتنی ماندوێتییە جەستەیی و، دەروونییەکان، پێویستە لەسەر بنەما تەواوکاری هەمە لایەنە بێت.

و- متمانەو ڕاستگۆییت، پێویستە لەوپەڕی تەواوی‌و بێ کەم‌و کورتیدابێت.

ز- پێویستە ئەم یاساو ڕێسایانە لە ژیانی ڕۆژانەتدا ڕەنگ بداتەوە، بەم شێوەیە دەبیتە ئەفسەرێکی کارامەی چالاك لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا.

## - پەیوەندی ئەفسەر بە فەرماندەو سەرکردە و، بەرپرسەکانییەوە:

أ- بەهیچ شێوەیەك نابێت ڕەخنە لە وتەو کردەوەی بەر پرس‌و فەرماندەکەت بگریت، ئەگەر کارێکی بە دەر لە یاسای کرد پێویستە بە یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکەیت.

ب- هیچ سەرپێچی فەرمان‌و وتەکانی فەرماندە ناکەیت، ئەو کاتە نەبێت خۆی ڕێگەت پێدەدات ڕاوێژی لەگەڵ بکەیت.

ج- دڵسۆزیت بۆ فەرماندەکەت، ئەوکاتە دەردەکەوێت ئەو بۆچونەی بخەیتە پێش چاوی خۆت بڕوات پێی هەیە، نەك ئەو بۆچونەی دەزانیت ئەوەی پێ باشە و، لەبەرژەوەندیشی نییە-کاتێك داوای پێشنیارێکی لێکردیت-.

د- ئەگەر فەرماندە ڕایسپاردیت بۆ نوسینی ڕاپۆرتێك لەسەر هەر بابەتێك، پێویستە سەر ڕاست بیت لە نوسینی ئەو ڕاپۆرتەدا، وەك خۆی ڕوداوەکە بخەیتە ڕوو، نەك زیادەڕەوی یان کەمتەرخەمی تیا بکەیت،

چونكه ئەو كارە دەبێتە ناپاكی كردن لە ئەسپاردە، ئەمەش تاوانێكی دینیو ڕەوشتییە.

هـ- هەوڵ مەدە بە ناشرین كردنو لەكەداركردنی بەرپرسەكەت خۆت پایە دارو پاك بكەیتەوە و، هەر كارێكت كرد تاوانەكەی بخەستە ئەستۆی بەرپرسەكەت، چونكە سەركەوتنی فەرماندەكەت سەركەوتنی تۆشە.

و- ڕێزو بەها بۆ فەرمانەكانی دابنێ، ئەگەر بە زارەكیش ئەو فەرمانانەی دەركردبێت، بەوردیو بێ كەمو كورتی و بە سەرنجەوە جێ بەجێیان بكە.

ز- زانیاریی هەواڵەكان بە وردو درشتی بگەیەنە بە فەرماندەكەت.

ح- هەركاتێك فەرماندەكەت بە هۆیەك لە ئەركەكەی نەما، یاخود خانە نشین یان لادرا، پێویستە وەك چۆن لە كاتی دەست بەكار بونی ڕێزو بەهای لات هەبوو بە هەمان شێوە ئەو بەهایانەی بۆ دابنێ.

## - پەیوەندی ئەفسەر بە سەربازەكانییەوە:

أ- دور بكەوەرەوە لە گاڵتە پێكردن و، سوكایەتی بە سەربازو پێشمەرگەكانت، چونكە هەر تاكێك بە ئەندازەی خۆی گرنگی و، بەهای تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ سەرخستن ئەركو فەرمانەكان، هیچ كەسێك بێ سود بەدی نەهاتووە.

ب- زۆر هەڕەشەی سزادان بەكار مەهێنە.

ج- دور بکەوە لە سزادانی بە کۆمەڵ، چونکە ستەم لە بێتاوانەکان دەکەیت.

د- خۆت زۆر جیا مەکەرەو لە سەربازەکانت و، نێوەندێکی پان و فراوان لە نێوانتاندا دامەنێ، چونکە بەم کارەت گەورەترین بەهای فەرماندەیت لە دەست دەدەیت کە: مرۆڤ بونە.

هـ- لەکاتە پشووەکاندا زۆر لە گەڵ سەربازەکانت بدوێ، بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لا دروست ببێت، لەگەڵ سەبازەکانت وەك یەك قەڵغان وان بۆ پاراستنی نیشتمان.

و- بە پلەکانیان، یاخود بە ناوی خۆیان، سەربازەکان بانگ بکە.

ز- ئاگاداری خاڵی جیاوازی نێوان خۆت و، سەربازەکانت بە، وەك پەیوەندی نێوان کوڕو باوك ئەو نێوەندە ڕابگرە و، بی پارێزە.

ر- با سەربازەکانت هەست بە خۆشەویستیو سۆزی تۆ بکەن، بۆ ئەوەی متمانە و دڵسۆزیان بە دەست بهێنیت، هەرکاتێك ئەم خۆویستییە لە نێوانتاندا دروست بوو، ڕێزو متمانە دادەمەزرێت.

ح- هەرکاتێك سەربازێك پێشنیارێکی بۆ کردیت بە گرنگییەوە لێی بڕوانە و، ئەگەر شیاو بوو جێ بەجێی بکە، بۆ ئەوەی متمانە بەخۆ بونو لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی لەلادروست ببێت و هەست بەوە بکات پێشنیارەکانی سودی دەبێت و بەرەو پێشەو بچێت.

پ- با مامەڵەت لەگەڵ سەربازەکانت مام ناوەندی بێت، نە هێندە ڕەقبە بشکێیت، نە هێندەش نەرمبە بت گوشن.

ك- هەوڵ مەدە بە کردەوە و، وتەکانت هیچ سەربازێك بڕەنجێنیت، یاخود لەکەداریان بکەیت، ئەگەر ئەو کارە بکەیت ئەوە گیانی جوامێری‌و شکۆمەندی‌و کەرامەتی تیا دەمرێنیت.

گ- تۆ نمونەی باڵاو پێشەنگی سەربازەکانتیت، هەوڵ بدە دور بکەویتەوە لە هەموو کردەوەیەکی نەشیاو لەبەردەمیان، یاخود بە شێوەیەکی نەگونجاو لەبەردەمیاندا دەر بکەویت، چونکە بەم کارەت کار دەکاتە سەر هەڵس‌و کەوتیان بەرامبەرت، خۆت بە دور بگرە لەوەی بە شێوەیە دور لەسەربازی لە بەردەمیاندا دەر بکەویت.

ف- هەمیشە گرنگی بە سکاڵاو گلەیی سەربازەکانت بدەو بەدوادا چونی بۆ بکە، چونکە بەم کارەت خۆشەویستی و، دڵسۆزی تۆیان بۆ دەردەکەوێت و متمانەیان پێت زیاد دەبێت.

ن- پێویستە بە یەك شێوە و، دادپەروەرانە لەگەڵ سەربازەکانت بجوڵێیتەوە، بۆ ئەوەی هەمویان هەست بکەن لە چاوی تۆدا یەکسانن.

س- هەمیشە دەست خۆشی لە سەربازەکانت بکە، بەتایبەت کاتێك کارێکی باش دەکات، بۆ ئەوەی گیانی کێبڕکێی ئەرێنیانەیان تیا دروست ببێت لە ئەرکەکانیاندا.

ش- زۆر کار لەسەر پشودانی سەربازەکانت بکە، دڵنیابە لەوەی شوێنی پشودان‌و خواردن‌و پۆشاکیان گونجاو و شیاوە.

چ- خۆت لە سەربازەکانت بە گەورەتر مەزانە، بۆ ئەوەی لەمپەر لە نێوان تۆو ئەواندا دروست نەبێت و، کەلێنی گەورە لە نێوانتاندا دروست نەبێت.

ژ- زۆرجار سەرباز ئاوێنەی کاری فەرماندەکەیەتی، هەرکاتێك سەربازەکانت نمونەی جوانو شایستەیان پێشکەش کرد بزانە ئەو ڕەوشتە لە تۆوە فێر بوون.

ق- گیانی برایەتی لە نێوان پێشمەرگەکانتاندا دروست بکە، چونکە زۆربەی کات لەگەڵ ئەم هاوپیشەتدای، بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاریو پشتیوانی یەکتری بن، چونکە ئەگەر بریندار ببن یاخود هەر کارێکی نەخوازراو ببن ئەوە هاو پیشەکەی لە براکەی نزیکترە لێیەوە.

ت- خۆت بە دور بگرە لە گوفتاری ڕەقو زبر لەکاتی گفتوگۆدا لەگەڵ سەربازەکانت.

خ- پێویستە هەمیشە کارە باشەکانی پێشمەرگە ببینیت پێش کارە خراپەکانیو بە کارە باشەکانی هەڵسەنگاندن، نە ستەم لە سەربازەکەت بکە نە چاو پۆشی لێ بکە، بەڵکو بە چاوێکی دادپەروەرانە سەیری کردەوە و کارەکانی بکە.

ف- پێویستە هەمیشە کۆشش بکەیت بۆ ئەوەی ڕێگر بیت لەوەی سەربازەکەت نەکەوێتە هەڵەوە، ئەمەش بە نیشاندانی نمونەی باڵا دەبێت بەرامبەری.

و- هەر کات سەربازەکەت یەکەم هەڵەی ئەنجامدا، هەوڵ بدە ئامۆژگاری بکەیتو هەڵەکەی بۆ ڕون بکەیتەوە، بۆ دووەم جار ئاگاداری بکەیتەوە، پاشان سزای بدەیت.

## - هەڵس و کەوتت لەگەڵ هاو پێشە ئەفسەرەکاندا :

أ- بە ئاشکار و، لەپێش چاوی خەڵك هەرگیز ڕەخنەی نەرێنی لە هاوپیشەکەت مەگرە.

ب- بە شێوەیەکی شاراوە و بەتەنهایی ڕەخنە لە هاو پیشەکەت بگرە، هەوڵ بدە زمانی دۆستانەی بۆ بەکار بهێنیت لە جیاتی زمانی ڕەخنەو گاڵتەجاڕی، ئەمە لە پێناو بەرژەوەندی خۆتو بەرژەوەندی یەکێتی ناو یەکەکەتان.

ج- ئەگەر ڕەخەت گرت هەمیشە ڕەخنەی دروستکەرو ئەرێنی بگرە.

د- هەرکاتێك ڕەخنەیەکیت لە هاوپیشەکەت گرت، وا بزانە کەسێك ڕەخنە لەخۆت دەگرێت، حەز دەکەیت بە چی شێوەیەك ڕەخنەو تێبینییەکانت پێ بڵێن، تۆش بەو شێوەیە ڕەخنەی لێ بگرە.

هـ- هەرگیز شانازی بە دەستکەوت و، لێهاتویو پاداشتەکانتەوە مەکە لەبەردەم هاوپیشەکانتدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی وا هەست بکەن بە کەم سەیری ئەوان دەکەیت و، تۆوی ڕقو کینە لە ناخیاندا دەچێنیت.

و- هەرکاتێك کارێکی گرنگو لەناکاو هاتە بەردەمت و، کاری هاو پیشەکەت بوو، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو، بە خێراییو بە جوانی لە جیاتی ئەو ئەنجامی بدە، چونکە هەمووومان بۆ یەك ئامانج هەوڵ دەدەین، تەواوکەری کاری یەکترین.

ز- بەشداری خۆشیو ناخۆشیو ئاهەنگەکانی هاوپیشەکانت بکە و، کەمتەرخەمی مەنوێنە بەرامبەریان لە خۆش گوفتاری و، شیرین دووی

لەگەڵیان و، پیرۆز بایی بۆنەو جەژن بۆنەکانی دیکەیان لەگەڵدا بکە، یاخود بەشداری پرسەو نەخۆشییەکانیان بکە.

ح- خۆت گۆشەگیر مەکە و، خۆت بەدور مەگرە لە بەشداری کردنی هاوڕێکانت لە چالاکیە وەزشی و کۆمەڵایەتییەکان.

ت- هەر شتێك ببێتە هۆی لەکەدار بونی کەسێتی هاوپیشەکەت، کاریگەری دەبێتە سەر کەسێتی تۆش، چونکە هەردوکتان وەك ئەندامی یەك جەستە وان، کە جەستەی یەك یەکەیە.

ی- چاودێری کردنی منداڵو کەسو کاری هاوڕێکانت پاش شەهید بونیان ئەسپاردەیەکی ئەوانە لە گەردنتان، پێویستە ئەو ئەمانەتە بەباشی بپارێزیت.

## - کارکردن لەسەر بەهێزکردنی مەعنەویەتی هێز:

تۆ وەك ئەندامی هێزە چەکدارەکان پێویستە:

أ- ببیتە چاوێکی بێدارو گوێیەکی بیسەر لە سەرجەم شوێنو جێگەیەك کە تیایدا.

ب- هەر کارێك دەکەوێتە پێش چاوتو دەزانیت ئەمە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، پێویستە چاوی کراوەی ولآت بەرامبەری.

ج- هەرکاتێك گومانێك لات دروست بوو لەسەر هەر دیاردەیەك و، لە زیاد بوندا بوو، بە خێرایی لایەنی پەیوەندی داری لێ ئاگادار بکەیتەوە.

د- هیچ بەزەیىو میهرەبانیی نەنوێنیت بەرامبەر هەر شتێك کە دەزانیت زیانی دەبێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

هـ- ڕەنگە گفتو گۆ و لێدوانی تۆ کار بکاتە سەر ورەو مەعنەویەتی جەماوەر، بۆیە ئاگاداری وشە و لێدوانەکانت بە.

و- بەو پێیەی تۆ فەرماندەیت، ڕەنگە دوژمن لە ڕێگەی کەسە نزیکەکانتەوە بیانەوێت زانیاریت لێ وەرگرن، بۆیە زۆر وردو بە ئاگابە لەوەی زانیاری لای هیچ کەس لە کەسە نزیکەکانت مەدرکێنە، ئەگەر هاوسەریشت بێت.

ز- هەموو دەرفەتەکان بقۆزەرەوە ئەگەر زۆر کەمیش بێت، بۆ شیکردنەوەی مەترسی جەنگ لەڕوی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی، لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان.

ژ- کاتێك لە شەڕدا کەوتنە شوێنێکی مەترسیدار، ببە بە نمونەیەکی باڵای ئارام کردنەوە و دور کەوتنەوە لە شڵەژانی هاوڕێو نزیکەکانت،

مەبە بەهۆكاری ترس‌و بیم لەناو خەڵكدا و خۆشت بكەویتە ژێر كاریگەری ئەو ترسەوە.

ی- هەمیشە كار لەسەر بەردەوامی پێدانی هاوكاری‌و خۆشەویستی نێوان سوپاو گەل بكە، هەرگیز خۆتان لە خەڵكی سڤیل جیا مەكەنەوە بۆ ئەوەی هاوڵاتی هەست بە جیاوازی نەكەن لە نێوانتاندا.

## - ئەركی ئەفسەر بەرامبەر ئاسایشی نەتەوەیی:

أ- پارێزگاریی كردن لە ئاسایشی نیشتمانی و، پاراستنی كەرامەتی نەتەوەییت، ئەسپاردەیەكەو لە ئەستۆتدایە.

ب- ئاسایشی چەكداری -ئاسایشی جەنگی- بەرپرسیارێتییەكە لە هەموو سات‌و جێگەیەك.

ج- هەمیشە ئەم یاسایە بكە بەرنامەی ژیانت، هیچ زانیارییەك لە تۆوە دەر نەچێت بۆ دوژمن، هەرگیز باسی ئەركە سەربازییەكانت لای هاوسەر و، هاوڕێ و، خزم و، ناسیاوەكانت مەكە.

د- لە جێگە گشتییەكاندا، باسی بابەتی سەربازی مەكە، چونكە دیوارەكانیش گوێیان هەیە.

هـ- پەڕاو و نوسراو و نەخشە نهێنییەكان پشت گوێ مەخە، هەمیشە لە جێگەی شیاوو پارێزراودا هەڵیان بگرە.

و- هەمیشە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو كەسانە بكە كە تازە دەیان ناسیت و، بونەتە هاوڕێت.

## - کاری بەکۆمەڵ:

مەبەست لە گیانی کاری بە کۆمەڵ، خۆشەویستی یەکەیە و دڵسۆزی بۆی و شانازی پێوە کردنی و، متمانە بە سەرجەم تاکەکانی ئەو یەکە، بە دروشمی: ( تاك بۆ کۆمەڵو کۆمەڵیش بۆ تاك).

بۆ ئەوەی ئەم ڕۆحیەتە لە ناو هێزە چەکدارەکاندا بەرپا بکەین پێویستە ئەم ڕێنمایانە جێ بەجێ بکەین:

أ- هەموو تواناو لێهاتووی خۆت بخەگەڕ بۆ ئەو کەسانەی لە ناو ئەو کۆمەڵەیەن لەگەڵتن.

ب- هەمیشەو بەردەوام ئامادەبە بۆ هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی لەناو ئەو کۆمەڵە لەگەڵتن.

ج- هەموو لێهاتووی‌و لێوەشاوییەکانت لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵەکەتدا بەکار بهێنە.

د- هەرگیز پشت لەو کۆمەڵە مەکە تیایدایت.

و- هەمیشە بیر لە ئامانجی یەکەکەتو کۆمەڵەکەت بکەرەوە، بەر لەوەی بیر لە ئامانجە تایبەتییەکانت بکەیتەوە.

ز- هەمیشە شانازی بەو کۆمەڵەیەوە بکە کاریان لەگەڵ دەگەیت، بەردەوام کار بۆ ئەوە بکە لە ئایندەشدا بتوانیت خزمەتی ئەو کۆمەڵەیە بکەیت.

ت- پارێزگاری لە دابو نەریتی کۆمەڵەکەت بکە، بۆ ئەوەی متمانەی ئەندامی ئەو یەکەو کۆمەڵەیە بە دەست بهێنیت.

ك- خۆشەویستی تەواوی نیشتمان‌و ڕاپەڕین‌و گەلەك ئەركێكی پیرۆزی سەرشانی هەموولایەكە، بەتایبەت پێشمەرگە، بۆیە خۆشەویستی یەكە و كۆمەڵ‌و هێزی سەربازی بەشێكە لە خۆشەویست‌و دڵسۆزی بۆ نیشتمان.

# بەشی دووەم

# هەڵس و کەوتی سەرباز لە ناو یەکەدا

## - ئەفسەر لە گۆڕەپانی جەنگدا :

لە سەرجەم هەنگاوەکانی ژیانی ئەفسەردا پێویستە پێشەنگ بێت، بەتایبەتی لە سێ بڕگەدا: (**بڕوا بوون بە ئەرکەکانیان، ئارەزووبون لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بە جوانترین شێوە، خۆ نەویستی**)

## هەروەها وەك ئەفسەر لە مەیدانی جەنگدا پێویستە ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت:

أ- لە سەرجەم بارودۆخێکدا، متمانەت بەخۆت هەبێت دەبیتە پێشەوای پێشمەرگەکانت و، سەرکردەیەکی پێشەنگ بۆیان.

ب- هەمیشە لە پێش هێزەکەتەوە برۆ بەگوێرەی ڕوداوە و پێشهاتەکان.

ج- هەمیشە لە دوای هەموان نان بخۆ و پشو بدە.

د- هەمیشە دڵنیابە لە تەندروستی خۆتو پێشمەرگەکانت و چاکی و تندو تۆڵی چەکەکەت، چونکە ئەمانە پایەی سەرەکی هەموو سەرکردەیەکن لە هەموو بارۆدۆخێکدا.

هـ- زۆر متمانەت بە تواناو لێهاتووی خۆت هەبێت، بەوە تۆ سەردەکەویت بەسەر دوژمندا، متمانەت بەخۆتو هاوسەنگەرەکانت هەبێت.

و- هەمیشە بە گیانێکی ورە بەرزییەوە سەیری ڕوداوەکان بکە، ئەگەر چی توشی شکستیش بویت، چونکە دڵنیابە دوژمن لە تۆ زیاتر زیانی بەرکەوتووە.

ز- پیشەی تۆ جەنگە، تۆ لە هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانی سڤیلی خۆیانن بەتوانا ترو لێوەشاوە تریت بۆ ئەوەی ئەوکارە ئەنجام بدەیت.

ح- تۆ لە پێناوی خودا و نیشتمانو گەلو بنەما گشتییەکاندا دەجەنگیت، دژی چاو چنۆکی نەیارانو دوژمنان بە نیشتمانەکەت.

ت- نیشتمانەکەت تۆی بۆ ئەم کارە پیرۆزە هەڵبژاردووە، بۆیە بە گیانو بە دڵ گیان فیدایی بکە و بجەنگێ لە پێناو خۆ ئامادەکردنو ڕاهێنان لە پێناویدا، هەرگیز ڕژدی مەنوێنە بۆ لە ناو بردنی نەیارانو دوژمنانی.

ك- سەرجەم هەڵس و، کەوت و، ڕەفتارەکانت لەسەر بنەمای دیسپلینی سەربازی لە نێوان تۆو فەرماندەکانت دامەزراوە.

ی- جێ بەجێ کردنی تەواو فەرمان و، وتەکانی فەرماندەکەت لە سۆنگەی متمانە بونی تەواوەوە بەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ل- ویژدانت بکە بە چاودێر بەسەرخۆتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە لێ پێچینەوەت لەگەڵ بکات لەسەر ئەو ئەمانەتەی لە ئەستۆتی داناوە.

م- هەمیشە خۆ نەویستی لە ویژدانتەوە سەچاوە دەگرێتو ئیلهام وەردەگرێت.

## هەڵس و کەوتی ئەفسەر لە یەکەدا:

أ- ئەو پۆشاکە بپۆشە کە تایبەتە بەو یەکەو بۆی دیاریکراوە.

ب- تەنها لەکاتی دەوامی فەرمیدا لە ناو نوسینگەکەت کار مەکە.

ج- تا ئەرکی فەرمی تەواو نەکەیت لە ناو نوسینگەکەت دەر مەچۆ.

د- کاتەکانت لە ناو نوسینگەکەی خۆت بەسەر بەرە، لە پێناو بەرژەوەندی یەکەکەت.

هـ- هەرگیز هیچ جۆرە خواردنێك لە ناو نوسینگەکەت مەخۆ.

و- ئەگەر ڕۆشتیتە نوسینگەیەك یان نوسینگەی خۆت، سڵاوی سەربازی لێ بکە و ڕێزی خۆتی نیشان بدە.

ز- لە نوسینگەی هیچ ئەفسەرێکی لەخۆت باڵاتر دامەنیشە، تا مۆڵەتی دانیشتن پێ دەدات.

ح- با ڕەفتارەکانت شێوەیەك لە ڕێزگرتنی پێوە دیاربێت، بە هیچ شێوەیەك دەنگ بەرز مەکەرەوە.

ت- نوسینگەکەت بە خاوێنی ڕا بگرە، هیچ پەڕە و شتی دیکە لە سەرە زەوی بە جێ مەهێڵە.

ی- کاتێك دۆسیەیەکی یاساییان هێنایە لات، بە پۆشاکی فەرمییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی نوسینگەکەت متمانەی خۆی لە دەست نەدات.

ك- پەڕەی نهێنی و بەهادارەکان لە دەرەوەی یەکە بە کار بەهێنە و بە باشی پارێزگاریان لێبکە، بۆئەوەی دزەی پێنەکرێتو زانیارییەکان نەڕواتە دەرەوە.

ل- پێش ئەوەی لە نوسینگەکەت دەر بچیت دڵنیابە لەوەی شتێکی بە نرخ، یاخود زانیارییەکی بەنرخت لێ بە جێ نەماوە.

م- هەرگیز میوانو سەردانی کارە نا سەربازەکان مەهێنە ناو نوسینگەکەت، بەتایبەت لە پاش دەوامی فەرمیی، بەڵکو لە بەهۆ پێشوازیان لێ بکە.

پ- وەك بەیانیان دێیتە ناو نوسینگەکەت بە پاکی دەیان بینی، بەهەمان شێوە کە بە جێی دەڵێیت با بەو شێوەیە پاكو خاوێن بێت.

خ- ڕێز لە کاتی ئەرك بینین و، بەڵێنەکانی یەکتر بینینتان بگرن، بۆ ئەوەی بتوانیت بە تەواوی مافی سەردانی کارانو بەردەستەکانت بگریت.

# ئەتەکێتی ئەفسەر لە کاتی سپاردنی دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە:

أ- لە دادوەریدا:

ئەگەر ڕاسپێردرایت وەك ئەندامی دادگای سەربازی:

یەکەم: هەمیشە لە کاتی دیاری کراوی دەوامی فەرمی ئامادە بە، مەبە بە هۆکاری دوا خستن و پەك خستنی دانیشتنی دادگاییە لە کاتی خۆیدا.

دووەم: گرنگی بە دیسپلینی سەربازیت بدە، سەرجەم یاساو ڕێساکانی پیادە بکە.

سێیەم: بەپێی لە پێشیو پلەی خۆت و بڕۆ ژوورەوە، هەرگیز پێش سەرۆکی دادگا دامەنیشە.

چوارەم: هەمیشە مۆڵەت لە سەرۆکی دادگار بخوازە، بەر لەوەی هەر ڕونکردنەوە یاخود پرسیارێك لە شاهید یان تۆمەتبار بکەیت.

پێنجەم: لەکاتی بەستنی دانیشتنەکە مەڕۆ ژوورەوە.

شەشەم: بەپێی لەپێشیو پلەی خۆت لە هۆڵی دانیشتنەکە بڕۆ دەرەوە.

ب- ئەگەر داوای ئامادە بونت لێکرا بۆ مەبەستی شاهیدی لە بەردەم دادگای سەربازی، یاخود بە ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە دیاری کرایت:

یەکەم: با گەیشتن بۆ دانیشتنەکە پێش کاتی دیاری کراو بێت.

دووەم: تا بە تەواوی دڵنیا نەبیت لە دیسپلینی سەربازی و، ڕێك پۆشیت مەڕۆ ژووری لێکۆڵینەوە، یاخود هۆڵی دادگا.

سێیەم: لەکاتی ڕۆشتنە ژوەرە بۆ لای سەرۆكو ئەندامانی دۆسییەکە سڵاوی سەربازییان لیٚ بکە.

چوارەم: سەرۆکی دادگا چۆنت لیٚ داوا دەکات بەو شێوە سوێندی یاسایی بخۆ.

پێنجەم: تەنها ڕوی وتەکانت با لە لیژنەی دادگابێت، هەرگیز ڕو لەگەلٚ شاهید، یان تۆمەتبار یاخود داواکراو و پارێزەر قسە مەکە.

شەشەم: هەرگیز شاهیدی مەشارەوە و، سوێندی درۆ مەخۆ.

حەوتەم: دوای ئەوەی سەرۆکی دادگا داوای لێکردیت و، ئەرکەکەت تەواوبوو، لەسەر مۆڵەت خواستنی دادوەر یاخود سەرۆکی لیژنە بڕۆ دەرەوە.

ج– ئەگەر ویستت شاهید بۆ بابەتێك بدەیت لە بەردەم دادوەر یاخود دۆسیە لێکۆڵینەوەدا:

یەکەم: پێش بەستنی دانیشتنەکە ئامادە بە و گرنگی بە قیافەی سەربازیت بدە.

دووەم: لە ڕیزی پێشەوە دامەنیشە، چونکە ئەو ڕیزە تەرخان کراوە بۆ پارێزەران.

سێیەم: لەکاتی بیستنی وشەی (دادگا) هەستە سەر پیٚ، دا مەنیشە تا دادوەرو لیژنەی لێکۆڵینەوە دادەنیشن.

چوارەم: ژاوە ژاو و، دەنگە دەنگ دروست مەکە لە ژوری دادگادا.

پێنجەم: جگەرە مەکێشە لە کاتی بەستنی دۆسییەکەدا.

د– لە لێکۆڵینەوەی سەربازیدا:

## لێکۆڵینەوە لە نوسینگەی فەرماندە:

یەکەم: ڕێگە مەدە هیچ کەس لە ئەندامەکان بە بێ مۆڵەت خواستنی خۆت بێتە ژوورەوە.

دووەم: لە بەرچاوی خەڵك دۆسیەی لێکۆڵینەوە مەبەستە.

سێیەم: هەمیشە دادپەروەری بکە بەردی بناغەی دانیشتنەکانت.

چوارەم: لەکاتی بەستنی دۆسیەی لێکۆڵینەوە یاخود دادگایکردندا جگەرە مەکێشە.

پێنجەم: لەکاتی بەستنی دۆسیەکە بە تەلەفون لەگەڵ کەس مەدوێ.

## هـ- لە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەدا:

یەکەم: لەکات و، شوێنی دیاری کراودا ئامادەی بەستین دۆسیەی لێکۆڵینەوە ببە.

دووەم: هەرگیز لەبەرچاو خەڵك دۆسیەی لێکۆڵینەوە مەبەستە.

سێیەم: مۆڵەت لە سەرۆکی دانیشتنەکە بخوازە، ئەگەر ویستت پرسیارێك بکەیت.

چوارەم: لەکاتی بەستنی لێکۆڵینەوە جگەرە مەکێشە.

پێنجەم: گرنگی بە قیافەی سەربازی خۆت بدە لەکاتی بەستنی دۆسیەی لێکۆڵینەوەدا.

حەوتەم: لەکاتی دۆسیەکەدا بە تەلەفون مەدوێ.

و- لە دادگاییە سەربازییەکاندا:

## ئەگەر بوت بە سەرۆکی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە یان دادگای سەربازی:

یەکەم: تۆ بەرپرسیت لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە و پاراستنی یاساکانی.

دووەم: دور بکەوەرەوە لە هەڕەش و دروست بونی دەنگە دەنگ، و، ژاوە ژاو لە دانیشتنەکانتدا.

سێیەم: زۆر هۆگری ئەوەبە هیچ کەسێك سوکایەتی بە دانیشتنەکە بکات.

چوارەم: دادپەروەری بکە بەردی بناغەی دانیشتنەکە.

پێنجەم: دڵنیابە کە نا داد پەروەری یاخود ستەم بەرامبەر تۆمەتبار ناکرێت.

شەشەم: هەرگیز بە دەست بەستراوی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبار مەکە، مەگەر لەکاتی زۆر ناچاریدا نەبێت.

حەوتەم: بەبێ مۆڵەتی تۆ ڕێگە مەدە هیچ ئەندامێکیان پرسیار لە شاهیدەکان بکات.

هەشتەم: دور بکەوەرەوە لەوەی ئەندامەکان یاخود خۆت بە ئەسپایی لەگەڵ هاوەڵەکانت یاخود ئەندامانی دۆسیەکە بدوێن.

نۆیەم: کاتێك پرسیار لە پارێزەر یاخود شاهیدەکان دەکەیت لەکاتی ئاراستە کردنی پرسیارێك چاوەڕوانی ئەوەبێت کەسێك لە –تۆمەتبار، پارێزەر، شاهید– وەڵام بداتەوە.

دەیەم: لەکاتی بەستنی دانیشتن جگەرە مەکێشە.

یانزەیەم: لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت، پەنا مەبە بەر دادگای کردنی ناچاری.

دوانزەیەم: گرنگی بە ڕێکپۆشی و، دیسپلینی سەربازیت بدە، مامەڵەی سەربازییانە ئەنجام بدە.

ز- ئەگەر بویت بە ئەندام لە دەستەی دادگای سەربازی یاخود ئەنجومەنجی لێکۆڵینەوە:

یەکەم: زۆر پابەندی ئامادە بون بە لەکاتو شوێنی دیاری کراودا لە بابەتی پێك هێنانی ئەنجومەنی سەربازی یاخود دادگای سەربازی.

دووەم: بەپێی پلەو پایەی خۆت لەگەڵ هاو پیشەکانت برۆ ژوری ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە و دوای دانیشتنی سەرۆك یاخود دادوەر، لەو جێگەی بۆت دیاری کراوە دابنیشە.

سێیەم: وردو وریابە لە نوسینی تەواوی ئەو ڕوداوانەی ڕات دەسپێرن بۆ تۆمارکردنی.

چوارەم: گرنگی بە دیسپلینو پۆشاکی سەربازی بدە، زۆر چاو کراوەبە بەرامبەر ئەو دۆسیەیە ڕاد دەسپێرن بە ئەنجام دانی.

پێنجەم: پێش ئاراستە کردنی هەر پرسیارێك مۆڵەت لە سەرۆکی ئەنجومەن یاخود دادوەر بخوازە.

شەشەم: داد پەروەری بکە بەردی بناغەی کارەکانت.

حەوتەم: لەکاتی بەستی دادگاییەکە یاخود دۆسیەکە جگەرە مەکێشە.

هەشتەم: دوای تەواو بونی دانیشتنەکە بە پێی پێگەو پلەی خۆت بڕۆ دەرەوە.

ح- ئەگەر تۆ بویتە داواکاری گشتی لە دادگای سەربازی.

یەکەم: هەموو سکالاَکانی سەر تۆمەتبار بە باشی بخوێنەرەوە.

دووەم: با هەمیشە پێش بەستنی دادگاییە لە جێگەی دیاری کراودابیت و، کاتی پێویستت لەبەردەستا بێت.

سێیەم: هەمیشە لایەنی دادگەری و، پاکی بگرە.

چوارەم: وردو بە سەرنج بە لە کارەکەتدا، بۆ ئەوەی بەهۆی کەمتەرخەمیتەوە توشی سەر زەنشت کردن نەبیتەوە.

پێنجەم: لە بابەتی دیاری کراوی سەر تۆمەتبار دەر مەچۆ، بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە و گوڕەشە لە شاهیدەکان مەکە.

شەشەم: لەکاتی بەستنی دادگاییەکە جگەرە مەکێشە.

حەوتەم: مەڕۆ ژوری ڕاوێژ کردنی ئەندامانی دەستەی دادگا، مەگەر بە مۆڵەت یاخود لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنەکە نەبێت.

ت- ئەگەر پارێزەری تۆمەتبار یاخود نوێنەری یاسایی بوویت:

یەکەم: بەو پەڕی گرنگی پێداو وردییەوە دۆسیەکە بخوێنەوە.

دووەم: پێش بەستنی دادگاییەکە لە شوێنی دیاری کراو ئامادە بە.

سێیەم: یاساو ڕێساکانی دادگا مەشکێنە.

چوارەم: توڕەیی و، هەڵەشەی تۆمەتبار ئارام بکەرەوە، وای لێ بکە بەهیچ شتێك توڕە نەبێتو هەڵنەچێت.

پێنجەم: پارێزگاری لە تۆمەتبار بکە بۆ ئەوەی توشی سوکایەتی پێکردنو هەڕەشە نەبێتەوە، هەمیشە کارەکانت لەسەر داد پەروەری بونیات بنێ.

شەشەم: لەکاتی بانگ کردنی شاهیدەکان و ڕاوێژ کردنو گفتو گۆی دادگا و پێش کەش کردنی داواکاری بەرگری لە تۆمەتبار پشت بەیاسا دانراوەکان ببەستە.

حەوتەم: لەکاتی دانیشتنەکەدا جگەر مەکێشە.

هەشتەم: کاتێك دەستەی دادگا لەژوری ڕاوێژکاریدان مەڕۆ ژورەوە، مەگەر سەرۆکی ئەنجومەن بانگ بکات.

ی- ئەگەر هاوڕێی تۆمەتبار بویت:

یەکەم: بەگرنگیو بەر چاو ڕونیی کێشەکە بخوێنەرەوە.

دووەم: پێش دانیشتنی دادگاییەکە ئامادەبە.

سێیەم: بەشێوەیەك دروستی تۆمەتبارەکە ئاراستە بکە و شاهیدی دانو پرسارو وەلامەکانی فێر بکە.

چوارەم: هاوکاری تۆمەتبار بکە لە وتەی بەرگری کردن لە خۆی.

پێنجەم: هەستی تۆمەتبارەکە ئارام بکەرەوە و، پشتی بگرە و، هەولّ بدە بە هیچ شێوەیەك و بە هیچ هۆکارێك توڕە نەبێت.

شەشەم: لە جێگەی تایبەتی خۆت دابنیشتە.

حەوتەم: مەڕۆ ژوری دەستەی دادگا لەکاتێکدا لە وتو وێژو ڕاوێژدان، مەگەر لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنەکە نەبێت.

## - ڕەفتاری ئەفسەر لە هۆڵی وانە وتنەوەدا :

أ- ئەگەر بانگ کرایت بۆ ئەوەی ئامادەی وتارێك بویت، دڵنیابە لەوەی ئایا دەست پێکردن یاخود کۆتایی هاتنی گونجاوە بۆ بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژەت، ئەگەر گونجاو بوو، لەکاتی خۆیداو لە جێگەیت تایبەتی خۆت ئامادە بە.

ب- هەموو پێویستو بەڵگە گرنگەکانی ئەو کۆڕە لەگەڵ خۆت ببە.

ج- هەمیشە دە خولەك پێش دەست پێکردنی کۆڕەکە یاخود وتارەکە ئامادەبە، بۆئەوەی جێگەی تایبەت بەخۆت دیاری بکەیت، نەك ببیتە هۆی سەرقاڵ کردنی ئامادە بوان لەکاتی وتارەکەدا.

هـ- هەمیشە لەکاتی ئامادە بونت لە هۆڵەکاندا، گرنگی بە پلەو پایەی بدە بزانە کێ لەپێشتەوەیە کێ لە پاش تۆوەیە.

و- ئەو جێگەی بۆت تەرخان کراوە کورسیەکە مەگوازەرەوەبۆ جێگەیەکی دیکە.

ز- هەرکات ویستت پەنجەرەی تەنیشت بکەیتەوە مۆڵەت لە تەنیشتەکانت بخوازە.

ح- جگەرە مەکێشە، مەگەر جگەرە کێشان یاساغ نەبێت.

ت- لەکاتی وتارەکە یاخود کۆڕەکەدا لەگەڵ هاوەڵەکەت مەدوێ.

گ- هەر کەڕۆشتیتە ناو هۆڵەکەو بێری یاخود کاسکێتەکەت لابە، ئەگەر چاکەتت لەبەر بوو دایبکەنە.

ك- ئەگەر نەخۆش هەڵامەت یاخود سەربا بردن بویت مەڕۆ بۆ کۆڕەکان، بۆئەوەی نەبیتە هۆی بێزاری ئامادە بوان.

ل- هەرگیز قسە بە کۆڕگر مەبڕە بۆ هەر مەبەستێك بێت، لەکاتی کۆڕەکەیدا پرسیاری لێمەکە، مەگەر مامۆستاکە خۆی پرسیارت ئاراستە بکات، هەموو سەرنجو تێبینییەکانت هەڵبگرە بۆ دوای تەواو بونی کۆڕەکە.

م- زۆر پرسیاری لێمەکەو کاتی زۆر مەگرە، چونکە ڕەنگە زۆربەی ئامادە بوان پرسیاریان هەبێت.

ن- هەرگیز بێزاریو وەرس بون بەرامبەر بە کۆڕ گرەکە دەر مەبڕە، وەك ئەوەی سەیری کات ژمێر بکەیت و هەستی پیٚ بکات.

س- تا بۆت دەکرێت لە ناوەڕاستی کۆڕەکە مەڕۆ دەرەوە، هەموو جارێك چاوەڕوان بکە تا کۆڕەکە تەواو دەبێت.

ع- لەکاتی سڵاو کردن لە هاوڕێیەکت لە دێر زەمانەوە نەتبینیوە دەنگ بەرز مەکەرەوە، چونکە لە ناو هۆڵەکە بە دەیان کەس هەیە وەك تۆیە و دەیەوێت سڵاو لە هاوڕێکەی بکات.

ف- دور کەوەرەوە لەو ژاوەژاوانەی بەهۆ لێك خشاندنی قاچ بە کورسیو زەوییەکە دروست دەبێت.

ی- دەست پێش خەربە بەوەی کۆڕەکە جێگەی سەرنجو تێڕامانو گرنگی پێدانە، چونکە ئەو کەسە بە هەموو دڵو دەرونو هەستییەوە خۆی ئامادە کردوە بۆ ئەو بابەتە.

## - ئەتەکێتی ئەفسەر لە بەهو:

أ- هەرکات ڕۆشتیتەبەهو بێرییەکەت لابەو لە جێگەی تایبەتی خۆی دای بنێ.

ب- بە ئەسپایی بڕۆ ژورەو دەنگە دەنگ دروست مەکە.

ج- پێش ئەوەی دابنیشیت سڵاو لە هاوڕێو هاو پیشەکانت بکە.

د- لە جێگەی گونجاوی خۆت و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و ئەتەکێتی سەربازی دابنیشە.

و- پاکو خاوێنی بەهو بپارێزە و فلتەر جگەرە و چەرەساتی تیا فڕە مەدە و بیخە سەبەتەی خۆڵەوە.

ز- ئەگەر شتێکت پێویست بوو لە چێشت لێنەرەکان بە دەنگی نزمو لەسەر خۆیو ڕێزەوە داوای بکە، بۆ ئەوەی نەبیتە هۆی بێزاری ئامادەبوانی بەهو.

ح- پارێزگاری لە کەلو پەلو ڕاخراو و پێداویستیەکانی بەهو بکە.

ت- پابەندی زانیارییو فەرمانەکانی ناو بەهۆ ببە.

ك- بە کامل پۆشاکی سەربازییەو نەبێت هەرگیز مەڕۆ بەهو.

ش- ڕێگە مەدە بە سەربازو ئەفەسەری پۆل لە بەهو پشو بدەن، چونکە بەهو جێگەی تایبەتی پشودانی ئەفسەرانە.

ل- هەر پێشنیارو سەرنجێکت هەبوو لەسەر بەهو لە تۆماری سکاڵادا تۆماریان بکە یاخود بە نوسراوێك ئەنجومەنی گرنگی پێدەری بەهو ئاگادار بکەرەوە.

س- دەنگی ڕادیۆ یاخود تیڤی بەرز مەکەرەوە، یاخود ئەو کەناڵە مەگۆڕە کە لەسەریەتی تا دڵنیا نەبیت کە کەس بەدیاریەو دانەنیشتووە.

ف- پێویستە خۆت بەدور بگریت لەو وتو وێژو گاڵتانەی دەبێتە هۆی هەڵچون‌و تورە بونی هاوڕێکانت.

ر- پێویستە زۆر قسە نەکەیت، بەڵام پێویستە کراوە و هۆگری هاوەڵەکانت بیت، خۆت بەدور بگریت لە زۆر خۆ خستنە وتەی برادەران‌و کارە تایبەتەکانیانەوە، وە پێویستتە بە گوفتارو زمان شیرینی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە و لەگەڵیان بدوێیت.

پ- خۆت بە دور بگرە لە مشت‌و مڕو وەڵام دانەوەی توند، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروست بونی ڕق‌و کینە لە نێوانتاندا.

ی- هەرگیز مشت‌و مڕ لەگەڵ کارگوزارو کارمەندە سەرەکییەکانی بەهو مەکە.

- ئەفسەر لە هۆڵی پشودان (نوستن):

أ- سەرجەم فەرمانەکان بە کات و، ساتی تەواو بونیانەوە تۆمار بکە.

ب- پەنجەرە یاخود کلاو ڕۆشنەکان بکەرەوە بۆ گۆڕیانی هەوای ژورەکە.

ج- ڕوناکییە بەهێزەکان بکوژێنەوە.

د- هیچ شتێك لە دەرەوەی دۆلابەکە بە جێ مەهێڵە، مەگەر ئەوەی لە لیستی تۆمار کراودا هاتبێت.

هـ- لەکاتی بە جێ هێشتی ژورەکەت تاكو دلابەکان بە کراوەیی بە جێ مەهێڵە.

و- شوێنی نوستنەکەت بە پاکی بە جێ بهێڵە، چونکە جێگای نوستن پێناسەی تۆیە لەکاتی نەبونت.

ز- لەکاتێکدا هاوڕێ ئەفسەرەکەت لە ژوری تایبەتی خۆی نییە مەڕۆ ژوری نوستنی.

ت- بە دەنگی بەرز مەدوێ و گرنگی بە هەستی بەرامبەر بدە.

ك- گاڵتەو گەپ مەکە لە ژوری نوستن.

ی- هەرگیز لەسەر شوێنی نوستنی هاوڕێکەت دا مەنیشە، مەگەر خۆی مۆڵەت ببداتو داوات لێ بکات.

- ئەنجامدانی سڵاوی سەربازی:

أ- هەمیشە پابەندی سڵاو کردن بە بۆ لەخۆت گەورەتر.

ب- بە جوانیو دروستی سڵاوی سەربازی بکە.

ج- خۆت هۆگرە بکە بە بەکار هێنانی وشە: گەورەم، سیدی، لەکاتی گفتو گۆکردنت لەگەڵ ئەفسەری لەخۆت لە پێشتر.

د- بەشێوەی دروستو نەریتی خۆی وەڵامی سڵاوی سەربازی بدەرەوە، نەك بە جوڵاندنی سەر یاخود بە بەرز کردنەوەی پەنجەکانت.

هـ- هەرکات سەربازێك بە بێ ویست سڵاوی لەبیر کرد سزا بەکار مەهێنە و خۆت بەدور بگرە لە سزادانی.

ز- هەرگیز بە دەستی چەپ سڵاوی سەربازی مەکە، مەگەر دەستی ڕاستت بریندار بێت.

ت- لەکاتێکدا دەڕۆیتە لای سەبارزێك پاسەوانی دەرگایە جگەرە مەکێشە بۆ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکە بدەیتەوە.

ی- هەرکاتێك یەکەیەك بەلاتدا تێپەڕی یاخود جەنازەیەك بە بەردەمتداتێ پەڕی. خۆت ئامادە بکە بۆ سڵاو لێکردنیان.

## - ئەفسەر لە گۆڕەپانی مەشقدا:

گۆڕەپانی مەشق جێگەیەکی پیرۆزە، پێویستە ئەفسەر ڕێز لەو گۆڕەپانە بگرێتو هەرگیز جگەرەی تیا نەکێشێت، و، بە پۆشاکی سەربازییەوە نەبێت لەکاتی بونی مەشقدا نەڕواتە ناویەوە، چەندین یاسای دیکە هەیە پێویستە پابەندیان بێت:

أ- بە تەواوی پۆشاکی سەربازیی و بە ئوتو کراوی‌و پاکییەوە ئامادەی گۆڕەپانی مەشق بێت.

ب- هەمیشە کوراسەی ڕاهێنان و، تیانوسی تێبینی و، مەنهەجی ڕۆژی لەگەڵ خۆی پێ بێت.

ج- عەسای یاسایی لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت.

د- ڕۆژی پێشوو بە باشی وانەی ئەو ڕۆژە بخوێنێتەوە.

هـ- پێویستە بەو پەڕی دڵکارو دڵسۆزی تیا بە دی بکرێت لە کاتی شیکردنەوە و پێدانی زانیاری ئەو ڕۆژە بە سەربازەکانی، زۆر پابەندی سەرجەم فەرمانەکان بێتو بەخێرایی پیادەیان بکات.

ز- لەکاتی هەڵەی مامۆستاکانی مەشقدا بە بەرچاو سەربازەکانەوە هەڵەکەی ڕاست نەکاتەوە، بەڵکو لە دوری چاوی بەردەستو فێر خوازان بە ئاسپایی پێی بڵێت.

ح- بە باشی سەیری ڕۆشتنی سەربازەکانی بکاتو هەڵەکانی دیاری بکات و، خۆی بە بەرچاوی سەربازەکانەوە هەڵەکانیان بۆ بنوێنێت.

ت- خۆی بە دوور بگرێت لە وشەی نەشیاو و، دور لە سەربازی‌و بێ ڕێزی کرن، کە ببێتە هۆی شکاندی کەسێتی بەردەستەکانی.

ی– هەمیشە بە دروشمی: گۆڕەپانی مەشق شوێنێکی پیرۆزە، بڕواتە ناو گۆڕەپانی مەشقەوە.

## پوختەی ئامانجەکانی دەروازەی دووەم:

– لەم دەروازەی ڕابورد ئەوەمان بۆ ڕون بویەوە دیسپلینی سەربازی و مامەڵە کردن لەگەڵ سەربازدا دوو بنەمای هەرە لە پێشینەی ئەفسەرن. لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین، بۆ ئەوەی بە ڕونیو تەواوی ئەفسەر بتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لێی تێ بگاتو پیادەیان بکات:

أ– چۆن دیسپلینی سەربازی بەجێ دەگەیەنیت.

یەکەم: دووبارە کردنەوەی ڕەوشتو نەریتە دروستەکان.

دووەم: بون بە پێشەنگی باڵا.

سێیەم: پاداشت و، سزا.

چوارەم: دەستبەجێ هەڵەکان ڕاست بکەیتەوە.

پێنجەم: گوێڕایەڵی کردن بە بێ کارکردن لە ژێر چاودێریدا.

شەشەم: ڕێزگرتنی تاك.

ب– دروشمی دیسپلینی.

یەکەم: ئەتەکێتی تاکی سەربازەکان.

دووەم: پۆشاك و، ڕێك پۆشی سەربازەکان. (زۆر پاداشتو کەمی سزا).

سێیەم: سەربازەکان بە شێوەیەکی دروستو فەرمان پێکراو ئەرکەکانیان بەجێ بهێنن.

چوارەم: ڕێزگرتنی سەربازەکان لە ئەفسەرو ئەفسەری پۆل و فەرماندەی دەستە.

پێنجەم: پاك و خاوێنی شوێنو کاڵاکانو پێداویستییەکان.

شەشەم: بە دروستیو تەواوی سڵاوی سەربازی ئەنجام بدەن.

ج- مامەڵەی ئەفسەر لەگەڵ سەربازەکانی:

یەکەم: سەربازە نویو سەرەتاییەکان:

١- بە جوانی پێشوازیان لێبکە.

٢- دەربارەی ئەم یەکە نوێیە لەگەڵیان بدوێ.

٣- دڵنیایی پێ بدە، لای تۆ بەجوانترین شێوە لەگەڵی دەجوڵێیتەوە.

٤- خۆت گرنگی بە کارو بارو بارەکانیان بدە و، کاریان بۆ ئاسان بکە.

٥- هەر دەرفەتێك گونجا بە بێ جیاوازی مۆڵەتیان پێ بدە.

٦- فێریان بکە چۆن دەبنە سەربازێکی لێوەشاوە و شیاو بۆ ئەرکەکانی.

٧- ببە بە برایەکی گەورەو ڕێ پیشاندەریان.

دووەم: مامەڵە لەگەڵ سەربازی ئاسایی.

١- ئەوان براتن... ڕێنمونی و، ئاراستەیان بکەو فێری هەنگاوەکانی ڕێگەیان بکە.

٢- پاداشت.. هەڵچون و، تورە بوون لەناو دەبات.

٣- دادپەروەربە، هەرگیز ململانێی کەسی تاوان بار مەکە، کەسێتی لەکەدار مەکە، وا بکە تاوان بار هەست بە تاوانەکەی بکات و، دان بە تاوانەکەیدا بنێت، هەلێکی دیکەی بدەرێ بۆ ئەوەی، کە خۆی باشکرد

پاداشتی بدەرەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو کارە ڕابێت‌و ببێت بە خوی ڕۆژانەی.

٤- جیاکاری مەکە!! لەکاتی هەڵسەنگاندی بەردەستەکانت بۆ فەرماندە ڕەچاوی داد پەروەری بکە و، زانیارییەکان بە دروستی بگەیەنە فەرماندە دەربارەیان، پا بەندی سنوری دەسەڵاتکانتبە و دڵنییان پیَ بدە دەربارەی خۆت.

٥- لە یەك کاتدا هاوسەنگی لە نێوان ویژدانی خۆت و، یاسادا بکە، هاوسەنگیان بپارێزە.

٦- گرنگی بە بژێوی و گوزەران و کێشەکانیان بدە، چاودێری تەندروستیان بکە، لە بارودۆخ و، ژیان و، تواناکانیان بگە، لێرەدا پێویستە ئەم یاسایە پیادە بکەیت: (هەست‌و سۆزو پیادەکردنی یاسا). پێداگری لەسەر یاساکاندەبێتە هۆی ڕق‌و بێزاری، سۆزی زۆریش دەبێتە هۆی شکۆو جوانی دیسپلینی سەربازی.

د- گرنگی بە بەهێزکردنی ڕۆحی مەعنەوی.

یەکەم: ژیانی سەربازیان لا ڕون بکەرەوە و، سەربازیان لا خۆشەویست بکە.

دووەم: فێری متمانە بەخۆ بون‌و سەرکردە و چەك‌و ئامانجە باڵاکانیان بکە ، ئەم لایەنەیان بە گرنگ بۆ باس بکە.

سێیەم: وایان لیَ بکە دڵسۆز بن بۆ یەکەکەیان و ئەرکەکانیان بە تەواوی و بیَ کەم‌و کورتی جیَ بەجیَ بکەن.

چوارەم: بەپێی توانای سەربازەکانت ئەرکیان پێ ڕا بسپێرەو فەرمانیان پێ بدە.

پێنجەم: بۆیان ببە بە پێشەنگێکی بالاّ و، برایەکی گەورە و، باوك و، هاوڕێیان.

شەشەم: هەرکەس هەولّ و،ماندوبونی زیاتر دەدات، پاداشتی بکە و ڕێزی پێ ببەخشە، گیانی مەعنەویەتو هاندان وادەکات سەرباز:

تا دوا فیشەك لە پێناوتدا بجەنگێت، زۆر پێداگربێت لەسەر ئەوەی ئەم دوژمن بکوژێت بەر لەوەی دوژمن دەست بکاتەوە.

# دەروازەی سێیەم
# ئەرکەکانی سوپا

## پەیوەندی ئەفسەر بە کاروباری سوپاوە:

أ- پێویستە زۆر دڵسۆزو بە ئەمەك بیت بەرامبەر هەر کارێك ڕادت دەسپێرن لەکاروباری سوپادا.

ب- پێویستە بەردەوام لە چاودێری و، پشکنیندابیت بۆ چەك و، پێداویستی و، کەل و، پەلەکانی سوپا، دڵنیابیت لەوەی گونجاو و شیاون بۆ بەکار هێنان، ئەمە بە جێ گەیاندنی ئەو ڕاسپاردەیە لە ئەستۆی تۆ دایان ناوە.

ج- هیچ کاڵا و، کەل و پەلێکی سوپا بۆ دەرەوەی هێزو یەکەکە بەکار مەهێنە، ئەمە دەبێتە هۆی کوشتن و لەناو بردنی ئەو متمانەیەی پێت ڕاسپێراو ئەنجامی بدەیت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لە ڕوی دینیی و مرۆڤایەتییەوە دروست نییە بۆ ئەرکی یەکە نەبێت بۆ هیچ شتێکی دەرەکی بەکاری بهێنیت.

د- هیچ شتێك پشتگوێ مەخە، تا بەتەواوی دڵنیا نەبیتەوە لەوەی ئیدی بۆ کارکردن شیاو نیەو بەکار نایەت.

هـ- کەم تەرخەم مەبە لەبەرامبەر کەسێك کاڵایەك یاخود پێداویستییەکی سوپا بە مەبەست لەناو دەبات، بزانە کەم تەرخەمی ڕۆژێك لەڕۆژان دەگەڕێتەوە ئەستۆ تۆ.

ز- بیرت نەچێت هەرچی کاڵاو کەلو پەلی سوپا هەیە موڵکی دەوڵەتو گەلن، بزانە دەست بەسەراگرتنو داگیرکردنی بچوکترین پارچەی سوپا وەك ئەوە وایە سەرجەم موڵكو ماڵی دەوڵەتت داگیر کردبێت.

ح- بەکار هێنانی کاڵاو کەلو پەلەکانی سوپا لە شوێنی خۆیو مەبەستی خۆیدا نەبێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر سوپاکە دەبێت، یەکەم کەسیش کاری تێدەکات خۆتیت.

ت- بەو شێوەی یاسا بۆی دیاری کردویت پێداویستیو کاڵاکانی سوپا بەکار بهێنە، ببە بە نمونەی باڵاو پێشەنگی هەموان لە بەکارهێنانیدا.

ك- کەم تەرخەم مەبە لە جێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانانەی بۆ بەکار هێنانی کەلو پەلەکانی سوپا دانراون، بەردەوام ڕەچاوی ئەو یاسایانە بکە لەپێناو بەرژەوەندی خۆتو پاراستنی ئەو پێداویستیانە.

ی- پێویستە دروشمی ئەفسەر (ئابورییانەی خودی بەکار بهێنێت) واتە: لەهەموو کاتو ساتێکدا، لە جەنگ و ئاشتیو ڕاسپاردنی هەر کارێك ئابوریانە بیر بکاتەوە، بەوەی هەرچی پێویستبوو دەست بەجێ ئەنجامیان بدات، وەك بۆ ئەوەی هەمووشتێك وەك خۆی بڕواتو زیانی گەورەتر بەدوای خۆیدا نەهێنێت، لە بەلوعەیەکەوە هەتا چاك کردنی باڵەخانە و ئۆتۆمبیلێك.

## - پۆشاکە شاز و بەدەر لە نەریتەکان:

أ- ئەنگوستیلە و دەستەواوە و زنجیری ملی زێڕ لە بەکار مەهێنە.

ب- ئەو ملکوانان و ملپێچانە لە مل مەکە کە ناوی خۆتی لەسەر نوسراوە، چونکە تۆ هەڵگری پێناسی ئەفسەریت، بەڵام ئاساییە لەکاتی جەنگدا هەندێك پێداویستی ئاسنی وەك هەویە لە مل دەکرێت بۆ مەبەستی ناسینەوەت.

ج- داهێنان و گۆڕانکاری مەکەلە پۆشاکی یاسایی سەربازی یەکەکەتدا.

د- لەکاتێکدا لە کۆڵاندایت و، لە دەرەوەی نمایشی سەربازیت ملپێچی سەربازی لە مل مەکە.

ه- لەکاتێکدا پۆشاکی سەربازیت پۆشیوە، لە کۆڵان و دەرەوەی یەکە جگەرە مەکێشە، یان لە جێگەیەك جگەرە کێشان قەدەغەبێت.

# دەروازەی چوارەم

# ڕەفتاری ئەفسەر لە دەرەوەی یەکە

**لە یانە و، هۆڵی وەرزشیی و، ڕێگاو بان و، لەکاتی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە و، پێشوازی کردن لە وەفدی بیانیو ناوخۆیی.**

**- ئەتەکێتی ئەفسەر لە یانە و هۆڵە وەرزشییەکاندا.**

أ- بە پۆشاکو پلەی سەربازییەوە بە هەموو شێوەیەك خۆت بەدور بگرە سەردانی کردنی یانەو هۆڵە وەرزشییەکان، مەگەر بۆنەیەکی سەربازی بێتو یاخود بانگهێشت کرابیت.

ب- سڵاوی سەربازی مەکە بۆ کەسێك لەگەڵ هاوسەرو خێزانەکەیدا بێت، مەگەر ئەو دەست پێشخەری بکات.

ج- هەرگیزاو هەرگیز بە پۆشاکی سەربازییەوە عارەقو مەی مەخۆرەوە.

د- سەرجەم یاساو ڕێساکانی یانە و ڕێستۆرانەکە بپارێزە، خۆت دەرمەخەو ببیتە بە جێگەی سەرنجو تێڕامان و پەنجە بۆ درێژکردن.

هـ- لەکاتی سەردانی کردنی هۆڵی لەش جوانی و یاریکردندا، بە گیانێکی وەرزشی مامەڵە بکە و خۆت بەسەر کەسدا مەسەپێنە.

ز- گرنگی بە پاکژی و، خاوێنی و، ڕێك پۆشیت بدە، بۆ ئەوەی ببت بە جێگەی ستایشیو پیا هەڵدانی ئامادە بوان، نەك ڕەخنەت لێبگرن.

ح- لە یانەو هۆڵەکان هەموو وتەکانت کورت مەکەرەوە لەسەر قسەکردن دەربارەی کارەکەت، هەوڵ بدە گفتو گۆو وتو وێژەکانت گشتی بن.

ت- ئەگەر قوماركردنيش ڕێگە پێدراوبوو، هەرگیزاو هەرگیز قومار مەکە.
ك- ئەو پۆشاكانەی نەشیاون بۆ هۆڵی لەش جوان و، یاریکردن دایبنێ.
ی- هەرگیز لە کاتی ئەرك‌و فەرماندا مەڕۆ بۆ هۆڵ‌و یانە وەرزشییەکان.

## - بۆنە و ئاهەنگە فەرمییەکان:

أ- ئەگەر بانگهێشت نەکرابیت بۆ هەر بۆنەیەك، ئامادەی مەبەو مەڕۆ.
ب- پۆشاکی شیاو و گونجاو و نەریتی بپۆشە، یاخود ئەو پۆشاکەی لە بانگهێشت نامەکە دیاری کراوە.
ج- بە کورتیش بێت وەڵامی بانهگێشت نا مەکە بدەرەوە.
د- لەکاتی دیاری کراوی بانگهێشت نامەکە دوامەکەوە، مەگەر هۆکارێك هەبێت بۆ دواکەوتنت.
س- هەمیشە هەوڵ بدە بە ماوەیەك پێش دەست پێکردنی بانگهێشتەکە بگەیت، چونکە زوو گەیشتن باشترو کار ئاسانی ترە بۆ خاوەن بانگهێشت نامەکە.
ز- هەمیشە دەربارەی بابەتی گشتی و کۆمەڵایەتییەکان بکە وەك ئەوەی هەموو لایەك شارەزایی دەربارەی هەیە، وەك: (خوێندنەوە و، شانۆگەری، داب‌و نەریت‌و وەرزش).
م- لە جێگەی شیاو بەخۆت دابنیشە بەپێی دروو نزیکی و پلەو پایەکەت.
ن- هەوڵبدە هەمیشە کاتی پێویست و گونجاو بمێنیتەوە و لەکاتی خۆیدا ماڵ ئاوایی بکە و زۆر مەمێنەرەوە.

ع- پێش ئەوەی جێگەکە بە جێبهێڵێت دەست خۆشی لە خاوەنی بانگهێشتەکەو خزمەتکارو ئەو کەسانە بکە ماندو بون پێتەوە.

## ئەتەکێت و هەڵس و کەوتی ئەفسەر لە ڕێگەو باندا:

أ- لە ڕێگەو بان و، شوێنە گشتییەکاندا گرنگی بە جەستەو لەش و لارت بدە، بەتایبەتی کاتێك پۆشاکی سەربازیت پۆشیوە.

ب- گرنگی بە ڕێك پۆشی و، پۆشاك و، پاك و، خاوێنی خۆت بدە، چونکە تۆ جێگەی سەرنجی خەڵکیت.

ج- بێری و کاسکێت بەشێکی گرنگی ڕێکپۆشی سەربازین، بۆیە ئەگەر پۆشاکی سەربازی لەبەربێتو بێریەکەت بە دەستەوە بێت شکاندنی یاسای سەربازییە.

د- پۆشاکی سەربازی سنور بەندە، هەوڵ بدە لە دەرەوەی یەکە و کارو فەرمان لەبەر نەکەیت.

هـ- منداڵی بچوك یاخود جێگەی نوستن هەڵمەگرە لەکاتێکدا پۆشاکی سەربازیت لەبەرە، چونکە دەبیتە هۆی تێڕامانی دەورو بەرت.

و- ئەو کاڵایانەی تایبەتن بە ژنان بەکاریان مەهێنە.

ز- بە پۆشاکی سەربازییەو قۆڵ مەکە بە قۆڵی هاوسەرت دا یاخود دەستی بگریت، مەگەر لەبەر ناچاریو پێویستی زۆر نەبێت.

ت- هەرکاتێت لە ڕێگەیەکەوە ڕۆشتیت یەك کەس دەیتوانی پیایدا بڕوات، هەوڵ بدە ڕێگە بۆ بەرامبەر چۆڵ بکەیت.

ك– هیچ كەسێك بە ناوی خۆیەوە بانگ مەكە لە ڕێگەی گشتی و ناو بازاڕدا.

ل– وەك باسمانكرد سڵاوی سەربازی بكە بۆ ئەو كەسانەی لەخۆت باڵاترن، یاخود وەڵامیان بدەرەوە.

ن– ئەگەر ویستت لەگەڵ كەسێك قسە بكەیت بەڕێگەوە قسەی لەگەڵ بكە و بۆ ئەوەی خەڵك بێزار نەبێت.

س– هەركەس سڵاوی لێكردیت بە جوانیو ڕوخۆشی سڵاوی لیَ بكەو تەوقەل لەگەڵ بكە، خۆت بە دور بگرە لە ماچكردنی ڕومەت و لەباوەش گرتن.

## - ئەتەکێتی ئەفسەر لە گەشتدا:

أ- یاسا گشتییەکان:

یەکەم: بە سەرجەم کارەکانتدا بڕۆرەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی سەرجەم فەرمانەکانت جێ بەجێ کردوە و هیچت لەبی نەکردووە.

دووەم: جانتاو پێداویستی تەواو لەگەڵ خۆت ببە و، ناو و ناو نیشانت لەسەر جانتاکەت بنوسە، پارەی زیاد لە پێویست لەگەڵ خۆت ببە بۆ حاڵەتی نەخوازراو و ڕوداوی کتوپڕ.

سێیەم: هەمیشە جانتایەکی بچوکت پێبێت، بۆ ئەو کاڵایانەی ڕۆژانە بەکاریان دەهێنیت، وەك: پێداویستی ڕیش تاشینو دان ششتن.

ب- لەکاتی سوار بونی هۆکاری گواستنەوە.

یەکەم: خۆت بە دور بگرە لە سوار بونی ئەو ئۆتۆمبیلانەی قەرەباڵخن و، داواکاری زۆریان لەسەرە.

دووەم: بەلاتەوە ئاسایی بێت ئەگەر ئاسایش یاخود پۆلیسی هاتوو چۆن داوای پێناسی باری شارستانی یاخود مۆڵەتی شۆفێری لێکردیت، لەکاتێکدا تۆ پۆشاکی مەدەنیت لەبەربوو.

سێیەم: ئەگەر لەناو پاسدا بویت و، دانیشتبوویت کەسێك لە تۆ بەتەمەنتر بە پێوە بوو بیخە شوێنەکەی خۆت.

چوارەم: لەکاتی سەرکەوتن یاخود دابەزین، مەبە بەهۆکاری بشێو و پاڵە پەستۆ دروست بکەیت.

پێنجەم: سەرجەم داواکاریو ئاگادارییە نوسراوەکان ناو ئۆتۆمبیلەکە جێ بەجێ بکە.

ج- لە شەمەند نەفەردا.

یەکەم: دەست درێژی مەکە سەر مافی کەسانی دیکە.

دووەم: خۆت لە گەشتیاران بە گەورەتر مەزانە و، بەڵکو ڕێزی پێویستیان بۆ دابنێ.

سێیەم: پێداویستیو جانتاکانت لە ڕێڕەو و شوێنی بێجگە لە شوێنی دیاری کراوی خۆ دامەنێ.

چوارەم: زیاد لە پێویست ئەرك بە کارمەندی ناو شەمەند نەفەر مەسپێرە و، بە نەرمو نیانی مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

پێنجەم: مۆڵەت لە تەنیشتەکانت بخوازە لەکاتی کردنەوە یاخود داخستنی پەنجەرەکان.

شەشەم: ئەگەر کێشەیەك لە شەمەند نەفەرکە دروست بوو مەبە بەهۆی دروستکردنی بشێوی زۆرتر.

د- لە فڕۆکەدا.

یەکەم: دڵنیابە لەوەی بەتەواوی (پاسپۆرت - بلیتی گەشت - پارەی تەواو)ت لەگەڵ خۆت پێیە.

دووەم: لەکاتی گەشت کردنت بۆ هەر وڵاتێك، دابو نەریتەکانیان بە باشی بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە و کێشەت بۆ دروست نەبێت.

سێیەم: پێداویستیو کاڵای تەواو لەگەڵ خۆت بەرە، بیرت نەچێت دیمەنی جانتاکەت شیاو گەشت بێت و لەو جۆرانە بێت تایبەت بۆ فرۆکە دروست کراون.

چوارەم: با هەمیشە جانتایەکی دەستی بچوکت پێ بێت، بۆ ئەوەی لەناو فرۆکە بەکاری بهێنیت، وەك ئەوی خواردنێك یاخود کتێبێکی تیا بێت لە ناو فرۆکە بەکاریان بهێنیت.

پێنجەم: پێش سوار بونی فرۆکەکەت سەیری ئەو جێگەیە بکە تیایدا دادەنیشیت، بۆ ئەوەی لە جێگەی خەڵکی دیکەدا دانەنیشیت.

هـ- ئەتەکێتی ئەفسەر لەکاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی تایبەتی.

یەکەم: تۆ یەکەم کەسبە پەیڕەوی یاساکانی هاتو چۆ بکەیت.

دووەم: وەك ئەوەی ئەفسەریت... ڕێگە بە خۆت مەدە مافی شۆفێری دیکە پێ شێل بکەیت و، بە شێوەیە نایاسیی پێشیان بکەویت.

سێیەم: ئەگەر ئۆتۆمبیلێکی دیکە دای بەلاتدا نابێت زۆر ناشرینە سەیری ناوی بکەیت، بەڵکو پێویستە سەیری پێشەوەی خۆت بکەیت.

چوارەم: ئەگەر ویستت بەنزین بکەیت، چاوەڕوان بکە تا سەرەی تۆ دێت.

پێنجەم: ئەگەر ویستت گەشتێك بكەیت – بۆ نمونە: سەیرانێك بكەیت – كالاَو كەلو پەلەكانت بە شێوەی یاسایی‌و بە دیمەنێكی جوان هەڵبگرە، مەیخەرە سەر سەریارەكەت یاخود زیادە ڕەوی یاساكانی هاتو چۆ بكەیت.

شەشەم: هەمیشە ئاگاداری ئەوەبە ئۆتۆمبیلەكەت بەشێوەی باش كاردەكات‌و گونجاوە بۆ گەشتكردن.

حەوتەم: هەمیشە گرنگی بە پاك‌و خاوێنی ئۆتۆمبیلەكەت بدە و، هەموو پەڵە و پیسییەكی لەسەری لابەرە.

هەشتەم: گرنگی بە كاتی بەسەر چونی مۆڵەتی شۆفێرییەكەت بدە و نوێی بكەرەوە، بۆ ئەوەی نەكەویتە هەڵوەستەیەكی ناخۆشەو ڕوی خۆت بنێت بە هەندێك شتی بچوكەوە.

نۆیەم: شۆفێری بریتییە لە(**ڕەوشت–چێژ–بەهرەمەندی**) هەولبدە چێژ ببینیت لە شۆفێریت، بەشێوەیەك ئۆتۆمبیل مەئاژو ببێتە هۆی بێزاری‌و نارەحەت كردنی هاولاَتیان.

# دەروازەی پێنجەم
# ئەتەکێتی ئەفسەر لە ژیانی تایبەتی ڕۆژانەی

## بەشی یەکەم
## ئەتەکێتی ئەفسەر لە شوێنە گشتییەکاندا

### - لە یانە و، هۆڵەکاندا:

أ- مەڕۆ یانە و، هۆڵ و، باڕو مۆڵەکان کە دەزانیت گونجاو نییە بۆ تۆ.

ب- ئۆتۆمبیلەکەت لە جێگەی شیاو و، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیل ڕابگرە.

ج- ئەگەر شۆفێرت هەبوو با بتگەیەنێتە بەردەم هۆڵەکە، پاشان زانیاری تەواوی پێبدە، لە چی جێگەو کاتێکدا بگەڕێتەوە بۆلات.

د- ئەگەر لە شانۆگەرییەك ئامادە بویت، هەوڵ بدە پێش ئەوەی پەردە لا بدرێت یاخود دراماکە دەست پێ بکات ئامادەبیت، بۆ ئەوەی نەبیتە هۆی بێزاریو تێکدانی بیری بینەران لەسەر دیمەنەکە.

و- منداڵی زۆر بچوك و، ساوا لەگەڵ خۆت مەبە بۆ ئەو جۆرە جێگایانە.

ز- زانیاری تەواوی خۆت بدە بەو کەسەی لەبەر دەرگایە و، پێشوازیت لێدەکات، بۆ ئەوەی بەد تێگەیشتن لەنێوانتاندا ڕونەدات.

ح- لە جێگەی خۆت بوەستەو پێش مەکەوە، تا ئەو کاتەی نۆبەی تۆ دێت و، کارمەندەکە دێت بۆلات.

ت- هەوڵ بدە لەکاتی دەست پێکردنی دراماکە هیچ نەڵێیت و، دەنگە دەنگ دروست نەکەیت لەکاتی هەنگاو نانت ئاگات لەو کەسانە بێت بەبەردەمیاندا دەڕۆت.

ك- لەناو هۆڵەکە هیچ شتێك مەخۆ، ئەتوانیت ئەو خواردنانەی لە دەرەوەی هۆڵەکە دانراون بیان خۆیت لەکاتی پشووەکاندا.

ل- لە ناو هۆڵەکە جگەرە مەکێشە، چونکە جێگەی جگەرە کێشان تەرخان کراوە.

م- بە دەنگی نزم پێ بکەنە، چونکە لەم جێگایانە ڕاگرتنی کەسێتیت زۆر گرنگ و، پێویستە.

ن- ئەگەر بارو دۆخێکی نەخوازراو، لە پڕدا هاتە پێشەوە مۆڵەت لەو کەسانە بخوازە بەبەردەمیاندا تێ دەپەڕیت، لەکاتی هاتنەوەشدا ئاگاداری ئارامی و، بێدەنگی هۆڵەکە بە.

س- لەکاتی لێدانی زەنگی دەست پێکردن، بەبێ دروست کردنی هۆسەو قەرەباڵغی بڕۆ بۆ هۆڵی دیاری کراو.

ع- لەکاتی بیستنی مارشی نەتەوەیی هەستە و، ڕێز بنوێنە.

## - لە سینەماو شانۆگەریدا :

أ- بە پۆشاکی شیاو و، نەریت ئامادەی سنەماو شانۆ گەری ببە، هەمیشە ئامادەی ئەو فلیمو درامایانە ببە دەزانیت بیرۆکەی لێ دەدۆزیتەوە بۆ کارەکەتو کارەکەت بەرەو پێشەوە دەبات.

ب- چاوەڕوانی نۆبەتی خۆت بکە لەکاتی بلیت بڕیندا.

ج- لەکاتی تێپەڕین بەبەردەم ئامادە بواندا مۆڵەیتان لێ بخوازە، تا دەگەیتە جێگەی دیاری کراوی خۆت.

د- ڕەچاوی کاتی پێویست بکە بەر لەوەی فلیمەکە دەست پێ بکات.

ح- لەکاتی دەست پێکردنی سینەما یاخود شانۆ گەری، چەرەسات مەخۆ، چونکە دەبێتە هۆی بێزاری دەورو بەرت.

ك- قاچت درێژ مەکە بۆ کورسی بەرامبەرت، ئەگەر چۆڵیش بێت.

ل- بە شێوەیەك پێ مەکە ئامادە بوان سەیرت بکەن و، سەرنجیان بخەنە سەرت.

م- بە جوانی و ڕەوشت بەرزییەوە، مامەڵە لەگەڵ کارمەندانی سینەماو کافتریا بکە.

ن- لە شوێنی نمایشتەکە مەڕۆ تا تەواو دەبێت، ئەگەر چی خەڵك پێش تۆ و، بەر لەکۆتایی هاتنی نمایشەکەبڕۆن.

ی- هەرگیز مەڕۆ بۆ ئەو شانۆگەری و، بۆنە و، جێگایانەی دەزانیت کەسێتیت لەکەدار دەکەن و، دەبێتە خاڵێك بەسەرتەوە و کێشەت بۆ دروست دەکات.

**وەك وتویانە: ئەگەر ئاوی سارد کەسێتیم لەکەدار بکات نایخۆمەوە!!!**

## ئەتەکێتی ئەفسەر لە پەرستش و، بۆنە ئاینییەکاندا:

## لە مزگەوتدا:

أ- لەکاتی ڕۆشتنی بۆ مزگەوت گرنگی بە پۆشاكو جەستەی خۆی بدات.

ب- دڵنیابە لە پاکی و تازەیی گوێرەوەییەکە و، هیچ کون و، لەیەکی پێوە نەبێت، چونکە ئەو دیمەنە شیاو نییە بۆ ئەفسەر.

ج- ئەگەر ناچار بویت پێویستەنییە بە پۆشاکی سەربازییەوە ئامادەی نوێژەکە ببیت.

ه- مرۆڤ لە مزگەوتدا یەك ئاستن و، جیاواز نین، هەوڵ بدە ئەویاسایە ڕەچاو بکەیت.

ح- لەکاتی تەواوبونی نوێژەکەتدا خۆت بەدور بگرە لە قەرەباڵخی لەکاتی هاتنە دەرەوەدا.

## لە کاتی شوێنکەوتن یاخود نوێژی مردوو:

أ- لە کات و شوێنی دیاری کراودا ئامادەی ڕێو ڕەسمی شوێن کەوتنی مردو ببە.

ب- لەگەڵ ئامادە بواندا لەدوای مردوەکەوەبە، بۆ ئەوەی ئامادە بیت بۆ نوێژی جەنازە.

ج- پێش تەرمەکە مەڕۆ مزگەوت.

د- وەك هەموو نوێژە سونەتەکان لە مزگەوتەکە ئامادەبە.

هـ- دوای نوێژکردن و، بەخاك سپاردنی کەس و کاری مردو لە جێگەیەك دەوەستن سەرخۆشیان لێ بکەو.

و- ئەگەر کەسەکە کەسێکی سەربازی بوو، لە دەرەوەی مزگەوت ئامادەی سڵاوی سەربازییبە.

ز- ئەگەر مردوەکە کەسێکی نزیك، یاخود کەسێکی نیشتمان پەروەر و، سەربازی بوو شوێنی بکەوە تا لەگۆڕستان بەخاکی دەسپێریت، بە پێی توانای خۆت هاوکارییان بکە.

# بەشی دووەم
# ڕەفتاری ئەفسەر لە ژیانی تایبەتی ڕۆژانەیدا

## توانای جەستەیی و، تەندروستی گشتی:

أ- گرنگی بە توانای جەستەی خۆت بدە و، هەمیشە بەرەو پێشەوەی بەرە.

ب- بەو پێیەی تۆ ئەفسەریت و کاری قورس دەکەیت، زۆر گرنگ بەردەوام گرنگی بە توانای جەستەییت بدەیت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە تەندروستییەکی باشدابیت و، بگونجێیت بۆ ئەو کارانەی پێت دەسپێرن.

ج- بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی گرنگی بە تواناکانت بدە، لە پێناو بەرژەوەندی هێز، چونکە کارس تاکەکانی ناو سوپا بریتییە لە کاری قورسو گرنگو پیرۆز، پێویستە کەسی لێوەشاوە و لێهاتوو بەم کارانە هەستێت، هەتا هێز خەڵکی لاوازو کەم تەرخەمی تیا بێت لە تواناو لێهاتووی هێز کەم دەبێتەوە.

د- پشت گوێ خستنی توانا جەستەییەکانت تەنها زیانی بۆ خۆت نییە، بەڵکو زیانێکی دیکە لە هێزە سەربازییەکان دەدات و، دەبێتە هۆی ئەوەی بار گرانی لەسەر کەسە بەتواکانیش دروست بکەیت، بۆیە ئەم کارەت بویتە کەسێکی نەشاو و زیان بەخش بۆ سوپاو یەکەکەت.

هـ- توانای جەستەیی سەربازەکانت پشت گوێ نەخەیت، بەڵکو پێویستە هەمیشە ئامادە باشیان بکەیت بۆ جەنگ.

و- پشتگوێ خستنی توانای جەستەی و تەندروستی هاوڕێکانتو گرنگی پێنەدانیان، دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك پیرو پەك کەتەو و نەخۆش‌و بێ ورەت لەبەردەستدابێت.

ز- هەوڵ بدە هەمیشە ورەی هێزەکەت بەرز بکەیتەوە لەوەی ماندو بوون نەناسن و، بەردەوام لایەنی مەعنەویان بەرز بکەرەوە بۆ ئەوەی ماندو بوون نەناسن.

## - شوێنی نیشتەجێبونی ئەفسەر:

أ- لە خانوویەك دابنیشە شیاوبێت بۆت.

ب- بەپێی توانا هەمیشە هەوڵبدە لە نزیکی یەکەکەت، یاخود شوێنی ئەرك بینینت بێت، بۆ ئەوەی بارگرانی زۆرت نەیەتە پێشەوە لە هاتوچۆتدا.

ج- پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەیت، ژمارەی ژورو ڕوبەڕی خانوەکە، لەگەڵ خێزانەکەتدا بگونجێت.

د- نابێت لە جێگەیەك بیت تاقە ماڵ بیت، یاخود هیچ ئاوەدانییەکی لێ نەبێت.

هـ- هەرگیز لەگەڵ هیچ خێزانێکی نەناسراو، لە یەك حەوشەدا مەبە.

ز- هەمیشە ئەو خانوە تەندروستانە هەڵبژێرە گونجاوە بۆ ژیان و، زۆر بەرتەسك نییە و هاتو چۆیی بەسەرەوە ناکرێت.

ح- لە ڕوی ئاسایشەوە خانویەکی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبیتەوە.

ت- هەمیشە کارێك بکە خانوەکت گوزارشت بێت لەسەر کەسێتی و سەلیقەو لێهاتوییت.

ك- پێویستە تا دەتوانیت مامەڵەیەکی تەندروست و سنوردارت هەبێت لە تێکەڵی کردن لەگەڵ دراوسێکانت، بۆ ئەوەی توشی کێشەی کۆڵان‌و ڕوداوی نەخوازراو نەبیتەوە.

ل- خۆت بپارێزە لەو کێشەو شەڕانەی لە نێوان دراوسێکاندا ڕو دەدات، هەرگیز بەشێك مەبە لە کێشە و ببە بەهۆکاری چارەسەر، چونکە تۆ وەك ئەفسەر نوێنەرو نمایندەی یەکە و، هێزەکەتیت.

م- هیچ پێداویستی و، کەلو پەل پاسەوان و، شۆفێریك دەوڵەت بۆت دیاری دەکات، لەماڵەکەتدا بەکاری مەهێنە و مەیکە بەردەستی خۆت لەماڵدا.

ی- ئەگەر حکومەت خانوەکەی بۆ تەرخان کردبیت، وەك ماڵی خۆت خزمەتی بکەو بی پارێزە، چونکە ئەوە خانوی ئەو دەوڵەتەیە خزمەتت دەکات‌و هاوکاریت دەکات.

## - کاتێك سەرەتا دەچیتە گەڕەکێك:

أ- چاوەڕوان بکە کێ دێت بۆ سەردان و، حەزی لە سەردانت هەیە.

ب- هەرگیز مەڕۆ بۆ ماڵی هیچ کەس لەو ماڵانەی تازە بونەتە دراوسێت.

ج- پرسیاری هەواڵی خەڵکی گەڕەك لە خزمەت کارو فرۆشیارەکانی ئەو کۆڵانە مەکە.

د- ئەگەر دراوسێکانت بانگهێشتیان نەکردیت بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانیان، لۆمە و، گلەییان لێمەکە.

هـ- پێویستە مامەڵەی خۆشەویستی و هاوسۆز و، دڵنەواییت بەرامبەر سەرجەم دراوسێکانت هەبێت لەکاتی نەخۆشیو ڕوداوە نەخوازراوەکانی دیکەدا.

و- ڕەوشتی منداڵەکانت لەگەڵ دراوسێ و منداڵانی کۆڵان، نمونە و ئاوێنەی ئەو ڕەوشتانە نیشان دەدەن لەماڵەوە فێریان دەکەیت.

ز- ڕێگە مەدە منداڵەکانت بەهۆی پلەو پۆستی تۆ خۆیان لە منداڵانی کۆڵانەکەت بە باشترو گەورەتر بزانن و بێزاریان بکەن.

ح- بە دەنگی تیڤییو ڕادیۆ دراوسێکانت بێزار مەکە.

ی- زۆر زۆر ناچار نەبیت هەرگیز هیچ شتێك لە دراوسێکەت مەخوازە.

## - هاوسەرگیری لەمیانەی ئەفسەرەوە:

أ- هاوسەرگیری لە خێزانێك بکە بە ڕەوشت بەرزی و، پیاوەتی ناسرابن.

ب- دور بکەوەرەو لە هەموو ئەو شتانە دەبنە هۆی ناشرین کردنی ئەفسەر، لە ڕوی برای خێزان و، باوك و، خانەوادەی هاوسەکەت، تەنانت خاڵ و مامەکانیشی، بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکانی یاسا بەزێن و، تێکدەر خزمایەتی دروست نەکەیت.

هـ- تا بە تەواوی نەزانیت تواناو لێهاتوی خێزانداریت هەیە و، ئەتوانیت پابەند بیت بە مەرجەکانی خێزاندارییەوە هاوسەرگیری مەکە.

و- ئەگەر هاوسەرگیرت کردو توشی کەمی داهات و، لایەنی ئابوریت لاواز بوو، جگە لە داهاتی سەرەکی و، فەرمیی خۆت پشت بە هیچ شتێکی دیکە مەبەستە بۆ تەواو کردنی لایەنی ئابوریت.

ز- لەگەڵ خێزانت مەڕۆ بۆ هەندێك جێگە دەزانیت شیاو نییە بۆ خۆت‌و خێزانت، یاخود بۆ تۆ وەك ئەفسەر.

ح- ئەگەر پۆشاکی سەربازیت لەبەر بوو، بەڕێگەدا دەڕۆشتیت، ئاگاداربە دەستی هاوسەرت نەگریت‌و پیاسە بکەیت.

ت- هەر ڕەخنەو سەرنجێك بکەوێتە سەر خێزانت لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆتۆ، بۆیە پێویستە ئەویش پابەند بێت بە یاسا کانی هاوسەر بونی ئەفسەرەوە.

پ- دوای هاوسەرگیری ڕێگە مەدە هاوژینت، لەگەڵ کۆمەڵێك خێزان تێکەڵی دروست بکەن دەزانیت دەبێتە هۆی کێشە بۆت.

ك- هاوسەرت بونەوەرێکە وەك ئاوێنە وایە، چۆن مامەڵیە لەگەڵ بکەیت ئەوەت نیشان دەدات، خۆت بەدور بگرە لە کێشەی خێزانداری و، هەندێك بابەت لە یاد بکە یاخود خۆتی لێ بێ ئاگا بکە.

م- هەرچی لە نێوان تۆو هاوژینت ڕو دەدات هەموویان کێشەی تایبەت خۆتن، هەرگیز لەگەڵ هاوەڵ‌و برادەرە ئەفسەرکانتدا باسیان مەکە.

ع- بنچینەی خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە، خێزانێکی تەندروست کۆمەڵگەیەکی تەواو و تۆکمە دروست دەکات، هەمیشە هەوڵ هاوسەرگیرت وەڵامی ئەم پەیامەبێت.

ی– بێزراوترین حەڵاڵ لای خودای پەروەردگار جیابونەوە و، تەڵاقە. تا دەتوانیت دڵ فراوانو ئاگاداری ناو و کەسێتو ئایندەو خێزانت بە، چونکە لەکەردار بونی تۆ دەبێتەهۆی لەکەدار بونی یەکەکەتو ئەو هێزەی تیایدا بەشداریت، خۆت بە دور بگرە لە کێشەکانی جیابونەوە چونکە کێشە گەلێکن زۆر دەردە سەریو کۆسپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## - بانگهێشتی نان خواردن و دانیشتنەکان:

ئەگەر بانگهێشتەکە بۆ ڕێزلێنان بوو، لە کەسێك با ئەو کەسە لە ناوەڕاستی مێزەکە دابینشێت و، خەڵکەکە بە چوار دەوریدا بێت، لەوێشدا ئاگات لەوەبێت هەمیشە لەپێشینە و پلە بەندی بخوێنەرەوە و، پلە بەندییەکە بەشێوەیەك بێت لە شانی چەپو ڕاستی کەسە بانگهێشتکراوەکە دابنیشین.

## - پێداویستو کەرەستەکانی سەر مێزەکە:

أ– کەوچك.

یەکەم: بە کەوچکی بچوك سوپ و، مقبیلاتەکە بخۆ و، پاشان بەکاری مەهێنە بۆ خواردنی خواردنی دیکە.

دووەم: ئەو خواردنانەی بە چەتاڵ دەخورێت کەوچکی بۆ بەکار مەهێنە.

سێیەم: کەوچکی چا یاخود قاوە تەنها بۆ تێکەڵ کردنی شەکر، یان قاوەکە، بەهیچ شێوەیەك بەکاری مەهێنە بۆ ئەوەی سەرەتا بە کەوچکی

چا له قاوەکه بخۆیت، بەڵکو پاش تێکەڵ کردنی له تەنیشتی پیاڵە-کوپەکه دایبنێ.

ب- چەقۆ و، چەتاڵ.

یەکەم: چەچۆی میوه بۆ مەبەستی بڕین نەبێت بۆ هیچ شتێکی دیکه بەکاری بەهێنه.

دووەم: هەندێك خواردن هەیه پێویسته پێش خواردنی چەقۆی میوەی بۆ بەکاربهێنیت، وەك: بڕینی پەنیری پیتزا.

سێیەم: زەڵاتەو موقەبیلات تەنها به تەچاڵ بخۆ.

چوارەم: هەمیشه چەتاڵ به دەستی چەپتو چەقۆ به دەستی ڕاستت بگرەو بەکاریان بهێنه بۆ لەت کردنی خواردنەکان.

پێنجەم: هەرکاتێك چەتاڵەکەت کردە خواردنێکدا بەرزی مەکەرەوە لەکاتێکدا تۆ قسه دەکەیت، بەڵکو دایبنێ.

حەوتەم: هەرکاتێك لێ بویتەوە له بەکار هێنانی ئەم دوو پێداویستیه له ناو قاپەکه دایبنێ، مەینێ به لێواری قاپەکەتەوە.

هەشتەم: چەتاڵ بۆ خواردنی گۆشت و، سەوزە و ماسی و زەڵاتە و فنگر بەکار بهێنه.

## - هەڵس و کەوتی ئەفسەر لەوڵاتی بیانی:

أ- پێویسته پێش گەشت کردن بۆ هەر وڵاتێك نەریت و، ئادابەکانیان بەخێرایی فێر ببیت و، بیخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی کێشەت بۆ دروست نەبێت.

ب- هەر هۆكارێك دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ بالاّ دەست بیت، یاخود ببیتە جێگەی گالّتە جاڕی وازی لێ بهێنە، بەلّكو بە ئاستی ئەوان مامەلّە بكە لە پێناوی گۆڕینەوەیی هونەرو ڕۆشنبیری و دور لە هەر دەمارگیریو ڕەگەرز پەرستی و خۆ ویستییەك.

ج- هەولّ بدە لەمامەلّەكانتدا خۆشەویستو نزیكیت لە هیچ لایەنو تاقمێك دەر نەبڕیت، بۆ ئەوەی نەبیتە هۆی ڕقو كینەو دوژمنایەتی بۆ خۆت نە سازێنیت.

ز- زۆر زیادە خەرجیو شانازی مەكە بەوەی لە بەردەستە، خۆت بە دور بگرە لە خۆ بەگەورە زانیو شانازی كردن بەسەر خەلّكدا، چونكە خەلّكی بیانی ڕقیان لەو جۆرە كەسانەیە هەلّە خەرجی دەكەن و، مالّو سامان زۆر بە فیڕۆ دەدەن.

ح- كاتێك تۆ لە ولاّتێكی بیانیت، میوانیت، پێویستە میوان ڕێز لە بەهاو نەریتەكانی ئەو ولاّتە بگرێت بۆ ئەوەی ڕێزت بگرن و گرنگیت پێ بدەن.

# هەندێك یاساو ئەتەكێتی گشتی لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو كەسێكدا، بەتاییەت ئەفسەر

– هەگریز نەڵێیت: ناتوانم، بەڵكو بڵێ نامەوێت بیكەم، چوكە ئەگەر مرۆڤ بەڕاستیی بیەوێت هەر كارێك بكات دەیكات، لەبەر ئەوەی شتێكمان ناوێت بۆیە جێ بەجێی ناكەیت.

– هەرگیز مەڵێ دونیا پشتی تێ كردووم، ڕەنگە تۆ بە پێچەوانەی دونیاوە دانیشتبیت.

– مرۆڤەكان لە دنیادا سێ جۆرن:

یەكەم: لە دنیا دەژی... بەڵام نازانێت چی ئەوێت! ئامانجێكی دیاری كراوی نییە! هەموو ئامانجی نان خواردنو خواردنەوە، هەمیشەش گلەیو ڕەخنەی هەیە لە ڕۆژگارو ناخۆشیو ناهەمواری ژیانی.

جۆری دووەم: ئەزانێت چی ئەوێت... بەڵام نازانێت چۆن پێی بگات! ئەیەوێت بێتە بەردەمیو ئەویش هەڵی بگرێت! ئەم جۆرەیان لە جۆری یەكەم بارگرانت و، بار قورسترە.

سێیەم: مەبەستەكە دەزانێت..! ئەشزانێت چۆن پێی بگاتن... بەڵام بڕوای بەتواناكانی نییە! لەسەرتاوە دەست پێدەكات، بەڵام زوو كۆڵ دەدات و، بەدواداچون و، كۆششی زۆری نییە، كتێب دەكرێت بەڵام نایخوێنێتەوە، ئەمە هەرگیز ناتوانێت هەنگاوی سەركەوتن تەواو بكات، دەست پێدەكات، بەڵام تەواوی ناكاتو لە نیوەی ڕێ وازی لێ دەهێنێت، ئەم جۆرەیان لە دوو جۆرەكەی پێشوو خراپترە.

– تۆ ئەو ناو نیشانە نیت بەخۆت داوە یاخود پێتیان داوە.
تۆ خەم و، نیگەرانی و، پەژارە و، تیا چوون نیت.
تۆ شێوە و وێنە و نیگاری کێشراو نیت، تەمەنو ڕەنگ تۆی دیاری نەکردوووە.
تۆ ڕابردوو و ئێستاو ئایندە نیت تیادا دەژیت.
تۆ باشترین بەدی هێنراوی خودایت، خودا تۆی ناوازە ئەفراندووە.
لەبەر ئەوە هەرشتێك مرۆڤ توانیبێتی پێی بگات و، بەدەستی هێناوە تۆش دەتوانیت بەدەستی بهێنیت، تەنها پشت بە تواناکانی خۆت ببەستە ئەگەر لە ژێر درەختێکیشدا بیت یەك گەڵای پێوە نەبێت.
– مرۆڤ کاتێك بەشێوەیەکی باشو ئەرێنی بیر دەکاتەوە دەزانێت چەند لە ئامانجەکەی دورەو، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.
– خەمبار مەبە کاتێك لە نزیکترین هاوڕێتەوە پێکرایت، چاك بزانە ڕەنگە بەهۆی دەر هێنانی تیرەکە خۆشی و، ئاسودەی بگەڕێتەوە بۆ ژیانت، بەشێوەیەك لە پێشووباشترو جوانتر بژیت.
– ئێمەی مرۆڤ بیر لەوە دەکەینەوە کە نیمانە، بیر لەوە ناکەینەوە لە بەردەستماندایە، بۆیە هەمیشە گۆشە نیگاکانمان تاریكو ناڕونە و، بە هەندێك بیری نەرێنی ژیانمان لێڵو تاریك دەکەین.
– باشترە وەك کیسەڵ بڕۆیت، بەڵام بەڕێگەی ڕاست، نەك وەك ئاسك بڕۆیتو بەڕێگەی هەڵە.

– ئەوشتەی مرۆڤی سەرکەوتو بەدوایدا دەگەڕێت لەناخی خۆیدا ئەیدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی مرۆڤی ئاسایی بەدوایدا دەگەڕێت لە خەڵکدا دەیبینێتەوە، نازانێت خۆشی خاوەنی ئەو توانایەیە.

– کاتێك سەردەکەویت هاوڕێکانت دەزانن تۆ کێیت، بەڵام کاتێك شکست دەهێنیت تۆ دەزانیت هاوڕێکانت کێیە.

# بەهاو بنەما سەربازییەکان

١- پابەند بوون بە فەرمانەوە (الالتزام بالواجب).

٢- شکۆمەندی (الشرف).

٣- ڕێزگرتن (الأحترام).

٤- دەست پاکی (النزاهة).

٥- ئازایەتی (الشجاعة).

٦- وابەستە بوون( الولاء).

٧- خۆ نەویستی (نكران الذات).

## ١- پابەند بوون بە فەرمانەوە (الالتزام بالواجب):

- بريتييە لە پابەند بوون بە ياساو بنەما ئەخلاقيەكانەوە.
- كارە گرنگە پێسپێردراوەكانت بەو پەڕی تواناو لەخۆ بوردووی ئەنجام دەبيت.
- بەر پرسيارێتی تەواو بگرە ئەستۆ لە كارەكانتدا.
- دەست پێشخەری بكە بە ڕێبازێك لە كارەكانتدا، وە ئەگەی هەر ڕووداوێكی كوتوپڕ بكە كە بێتەڕێت لە كاتی ئەو هەوڵو دەست پێشخەريەتدا.

## ٢- شكۆمەندی (الشرف):

- ڕێزگرتنی بەرامبەر.
- ڕەوشتو ئاكاری جوان.
- لێك جياكردنەوەی تەواوی نێوان ڕاستی و نا ڕاستی.

پا بەند بوون بەو كارو بنەمايانەوە كە گوزارشت لە مافەكان دەكات.

- پێدانی پاداشت بە كەسانی شايستە.

## ٣- ڕێزگرتن (الأحترام):

- هەڵسوكەوت لەگەڵ بەرامبەردا بكە چۆن خۆيی پێی خۆشە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكەيت.
- سەربازەكانمان پڕ بە هاترين سەرچاوەمانن.

- با هەڵسوکەوتت لەگەڵ هەمواندا بەڕێزەوە بێتو بێگوێدان بەڕەگەزو تیرەو ئای.

- ڕێزگرتنت با هەموو هاوڵاتیانی عێراقو کوردستان بگرێتەوە لە نێویاندا دەست بەسەرو بەندییەکان.

- سەربازەکان بپارێزە لە هەر مامەڵە کردنێکی نە شیاوو نادروست.

## ٤- دەست پاکی (النزاهة):

- دانانی بناغەی ئاڵو گۆڕکردنی متمانە لەگەڵ دەوروبەر.

- پشتگیری کردن لە بنەما ئەخلاقیەکان بەکردەوە.

- بە ئمەكو وەفادار بە لەئەرکەکانتدا.

- ئەو کارە بکە کە بە مەزەندەیی خۆت لات چاکە.

- ڕێگە مەدە بە خۆ هێنانە پێشەوەو بەرتیل وەرگرتن.

- ببەرە نمونەو پێشەنگ با ڕەفتارەکانت پاڵپشت و گەواهی ئەو ڕاستیەبن.

## ٥- ئازایەتی (الشجاعة).

- بەلاوە نانی ترسو هەڵسان بەوە ئەرکەی کەوا گرنگە.

- توانای جەستەیی.

- زاڵ بوون بەسرە مەترسی مردنو ئازارو نەهامەتیدا.

- ئازایەتی و بەروشتیی و سوربون لەسەر بەها جوانەکان.

- هەستان بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە هەمیشە ڕاست بوون بە بێ گوێدان بەبوونی چاودێر یان چاوەڕوان کردنی ئاکامو پاداشتیی تایبەت.

- قسە لەڕو شەرەفمەند بە وە دڵسۆزی کەسانی تربە.

**٦- وابەستە بوون( الولاء ):**

- هەبوونی بڕوایەکی ڕاستەقینە، کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە گەلو نیشتمان بکات.

- وابەستە بوون و، هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر یەکە سەربازییەکەت بۆ خزمەتی نیشتمان.

- هاودەنگی و هاو هەڵوێست بوون لەگەڵ هەڤاڵە سەربازەکانت.

**٧- خۆ لەبیر کردن ( نکران الذات ):**

- دانانی بەرژەوەندی نیشتمانو هێزە کوردستانی.

- ئەو فەرمانانەی پێت کراوە، بیخە پێش هەموو کارە تایبەتییەکانی خۆتەوە.

- دوورکەوتنەوە لە سیاسەتو ڕەخنە گرتن لە حکومەتی مەدەنی، یان بەرپرسە سەربازییەکان.

- هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی گەورەو بەرز لە جەنگو ئاشتیدا.

- پابەند بوون بە بەڵێننامەی شەرەف لە نێوان هێزە عێراقیەکان‌و ئەفسەرەکانو سەربازەکان.

- کارکردن بە شەرەفەوە بۆ خزمەتی هێزە چەکدارەکان‌و نیشتمان.

| ز | سەرباس | ل |
| --- | --- | --- |
| ١ | تایبەتمەندییەکانی ئەفسەر | ٣ |
| ٢ | دەروازەی یەکەم: بنەماکانی نەریتی سەربازی | ١١ |
| ٣ | دەروازەی دووەم: ئەتەکێتی ئەفسەر لەناو یەکەدا | ٢٠ |
| ٤ | بەشی یەکەم: پەیوەندی ئەفسەر لەگەڵ ئەندامانی یەکە | ٢٠ |
| ٥ | بەشی دووەم: هەڵس و کەوتی سەرباز لە ناو یەکەدا | ٣٣ |
| ٦ | دەروازەی سێیەم: ئەرکەکانی سوپا | ٥٥ |
| ٧ | دەروازەی چوارەم: ڕەفتاری ئەفسەر لە دەرەوەی یەکە | ٥٨ |
| ٨ | دەروازەی پێنجەم: ئەتەکێتی ئەفسەر لە ژیانی تایبەتی ڕۆژانەی | ٦٦ |
| ٩ | بەشی یەکەم: ئەتەکێتی ئەفسەر لە شوێنە گشتییەکاندا | ٦٦ |
| ١٠ | بەشی دووەم: ڕەفتاری ئەفسەر لە ژیانی تایبەتی ڕۆژانەیدا | ٧١ |
| ١١ | بەهاو بنەما سەربازییەکان | ٨٢ |